دێمۆکراسی بۆ ئێران — خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی گەلاوێژی ١٣٨١ | ٢٢ی ئوتی ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٤٧ | ١٥٠ تمەن


## زنجیرە هەوڵێك بە مەبەستی ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی لە وڵاتدا

بە گوێرەی هەواڵێك کە هەواڵدەریی رەسمیی کۆماری ئیسلامی (ایرنا) ڕۆژی دووشەممۆ ٢٨ی گەلاوێژ بڵاوی کردۆتەوە، ژمارەیەك لە پاوانخوازەوندرەوەکان لە نامەیەکدا بۆ خامەنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و کاربەدەستە پایەبەزەکانی دیکە داواکاری ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی لە وڵات بەمەبەستی پێشگیری لە قەیران بە دژی نیزام بوون. نووسەرانی نامە داوایان کردوە هێندێك لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە هەڵسووڕەکان بە تایبەتی لەیو بەرەی ریفورمخوازەکاندا، بەریان پێ بگیرێ، ڕێو شوێنی سەختتر بۆ چاپەمەنی دابنرێ و ســتراتێژی‌یەکی روون و چالاکانـە لـە لایـەن ئێرانـەوەرامبەر بە ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بگیرێتە پێش.

شارەزایانی سیاسیی ئێران دەڵێن ئەم جۆرە هەوڵانە بە مەبەستی ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی لە ئێراندا، بۆ ئەوەیە لە ژێر ناوی هەلومەرجی ئاستەمی ناوچو مەترسیی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێراندا، کودەتا لە دژی مەجلیسو دەوڵەت بکرێو بزووتنەوەی ریفورمخوازی کە ناوی"قـەیرانە دژی نیزام"ی لەسەر دانراوە، کۆتایی پێ بهێنرێ.

دیارە هەروەك عەبباس عەبدی، ئەندامی شوورای ناوەندیی بەرەی موشارەکەت ڕای‌گەیاندوە، ئەو حاڵەتە نائاسایی‌یە هەر ئێستا لـە ئـێراندا هەیە، چونکە نە مەجلیس دەتوانی قانوون دابنی‌و نە حیزب و ڕێکخراوو چاپەمەنی‌یەکان دەرەتانی تێکۆشانیان بۆ ماوەتەوە.

# حیزبی دێمۆکرات، سەربەرز بە ڕابردوو، گەشبینو هیوادار بە داهاتوو

## ئاورێك لە ڕابردوو، ڕوانینێك بۆ پێشەوە

**لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە پەنجاوهەشتەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی.**

**حیزب کاتێك ئاوڕ لە ٥٧ ساڵ خەبات و تێکۆشـانی خـۆی دا دەداتەوە، بە ڕابردووی خۆی سەربەرزە. چونکە:**

ـ پەنجاو حەوت ساڵ لەمەوبەر کە بە دەستی پێشـەوای نـەمر قازی محەممەد دامەزرا، یەکەمین حیزب لە هەموو مێژووی نەتەوەی کـورد دا بـوو کـە بـــە بەرنامەیـەکی روونو پێشــکەوتووانەی سیاسی‌یەوە پێی نایە مەیدانی خەبات بۆ رزگـاریی گـەلی کـوردو توانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی لـە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

ـ هەر لە یەکەم ساڵی تێکۆشانی خۆی دا، بە کەلك وەرگرتـن لە هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانو ئێرانو ناوچە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورد دا، "کۆماری کوردستان"ی دامەزراندو لە سێبەری دەسەڵاتو خزمەتەکانی ئەو کۆمارەدا بەشێکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئازادی‌و مـافی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان ئاشنا کرد.


ـ هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە بایەخی بـە راکێشـانی رووناکبیرانی شۆرشگێری کورد داوە، ژنـانی بـۆ هاتنـە مـەیدانی تێکۆشــانی سیاســی‌و کۆمەڵایــەتی‌و خــەبات لــە پێنـــاوی وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادی‌یــەکانیان دا هـان داوە، بـە گرنگـی پێدانی تایبەتی‌یەوە روانیویەتــە تێکۆشـانو پێگـەیاندنی لاوانو، دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخراوەکـانی تایبـەت بـە لاوانو ژنـان لـە کوردستان، بووە.

ـ نەك هەر لەکاتی پەلاماری دیکتـاتۆری‌و کۆنەپەرستی بە مەبەسـتی تێـك رووخـاندنی کۆمـاری کوردسـتان، بـەڵکوو لـــە سەرانسـەری مێـژووی خوێنـاویی خـۆی دا، هـەر لـە سـادەترین ئەندامانی‌یەوە، تـا پایەبـەرزترین رێبـەرانی لـە گیانبەخشـین لـە مـەیدانی دیفـاع لـە ئـازادی و مەوجوودییـەتی گـەلی کــوردو دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو گەلە، نەپرینگاونەوە.

ـ لە نوێنەرایەتی کردنی ویستو داخوازەکـانی چـین و توێـژە دێموکـراتو پێشـکەوتنخوازەکانی کۆمـەڵی کـوردەواری دا، لــە بواری هاوکـاری و هاوخـەباتی لەگـەڵ هاونیشـتمانانی ئـێرانی و حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانیانو لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، هەروەها لــە پێوەندی‌یـەکانی خۆی لە ئاستی ناوچەو جیهانیش دا خاوەنی بەرنامـەو رێبـازێکی پێشکەوتنخوازانە بووەو سیاسەتو هەڵوێستی ئوسـوولی‌و واقیـع بینانەی گرتۆتە پێش.

ـ لەو بڕوایە دروستەی خۆی کە "مەسەلەی کوردسـتان رێگـا چارەی نیزامیی نیە" هیچ کات پاشگەز نەبۆتەوەو هـەموو کـات ئارەزووی ئەوە بووە بە خەباتی سیاسـی و هێمنانـەو بـە شـێوەی ئاشتیخوازانە بۆ وەدیهێنانی ویستو داخـوازە رەواکـانی خـەڵکی کوردسـتان هـەنگاو بنـێ. بـەڵام کـە دەسـەڵاتداران دەرەتـانی تێکۆشانی هێمنانەو قانوونی‌یان پـێ نـەداوەو ڕێگـای سـەرکوتی خەباتی گەلی کوردو لەنێوبردنی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەو گەلەیان گرتۆتە بەر، کۆڵـی نـەداوەو دەسـتی بەرنەداوەتـەوە. ئـەندامانو لایەنگرانو پشتیوانانی خۆی بۆ راوەسـتانو بەربـەرەکانی لەگـەڵ زۆرداری‌و هێرشـکەرانو پـەلاماردەران هـان داوەو بـە خۆڕاگـری‌و فیداکاریی ئەوان هەزاران حەماسەی خوێناویی لە مێژووی خـۆی‌و گەلەکـەی دا تۆمـار کــردووەو ســەربەرزانە قۆناغــە ســەختو ئەستەمەکانی بڕیوە.

٢




## بەبۆنەی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبەوە

ئەمساڵیش ســاڵڕۆژی دامــەزرانی حــیزبی دێمۆکراتــی کوردستانی ئێران، بــۆوە بـە بۆنەیـەك بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـە ئاگـاو خەباتگێڕەکانی کوردستان، وێڕای جێــژن گرتــنو شـادی کـردن، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێمۆکرات دووپات بکەنەوەو ڕێز لە دەیان ساڵ خەباتی پڕشانازیی تێکۆشەرانی بنێن.

بە بۆنەی پەنجاو حەوتەمین ســاڵڕۆژی دامــەزرانی حـیزب، لـە شارو گوندەکانی کوردســتانی ئـێران، لـە کـۆڕو کۆمــەڵی کـوردە ئێرانی‌یەکان لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکــانی ئـێرانو کوردســتانی عێراقداو لە نێو کوردو ئێرانی‌یەکانی نیشتەجێی ئورووپا، کانادا، ئەمریکاو ئوستralیا، جێژن، کۆبوونەوەو ڕێوڕەسمــی تایبــەتی بـەم بۆنەیەوە بەڕێوە چوون. ئەنجامدانی کاری تــەبلیغی لـە ڕادەیـەکی بەربڵاودا (بریتی لە دروشم نووسینو بڵاوکردنەوەی تراکت لــە نێـو شــارو گوندەکــانو ئاگرکردنــەوە لــە بەرزایی‌یــەکانی کوردســتانی ئێران) بەشێك لەو کارانە بوون کە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە پێشوازی ٢٥ی گەلاوێژدا ئــەنجامیان دان. لـەنێوخۆی کوردســتانی ئێرانەوە زۆر لە دۆستانو دڵسۆزانی حیزبو جووڵانەوەی میللــی ـ دێمۆکراتیکی گەلەکەمان بە تەلەفۆنو فــاکس، پیرۆزبــایی جێژنــی ســاڵڕۆژی دامــەزرانی حیزبەکــەمانیان لــە ڕێبەرایــەتی، کــادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب کــرد. لـەو ڕێوڕەسمانــەشدا کـە لــە دەرەوەی وڵات پێـك هــاتن، کوردەکانو ئێرانی‌یەکان، بەشداری جێژنو خۆشیی کومیتەو هاوڕێیانی حیزبیمان بوونو جێژنــی حیزبی دێمۆکراتیان کردە هی خۆیان.



لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبیش، ڕێوڕەسمێکی گەورە بە بەشداریی هاوڕێیانی حــیزبی، بنەماڵە حیزبی‌یەکانو ژمارەیەك میوان، بەڕێوە چوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا هاوڕێی بــەڕێز مستــەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب، وتارێکی لە بــارەی ئەم بیرەوەری‌یە مێژوویی‌یە پێشکێش کرد. لە درێژەی مەراسمەکەدا، چەندین بەرهەمی هونــەری بریتی لە سروود، گۆرانی، شانۆو هەڵپەرکێو شێعرو پەخشانی شۆڕشگێڕانە پێشکێش کران. لــە بڕگەیەکی ئەو ڕێوڕەسمەدا، دەستەیەك لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزب، بە جلوبــەرگو چەكو ڕەختو کەلوپەلی پێشمەرگایەتی‌یەوە لەبەر چاوی بەشداران ڕیزیان بەسـت تـا حەماسە پڕشکۆیەکانی زیاتر لە دوو دەیە بەرەنگاریی خوێناویی هێزی پێشمەرگە لـە بەرامبەر ڕێژیمی سەرکوتکەرو دژی کوردی کۆماری ئیسلامی‌دا وەبیر بێننــەوە. ئـەو هاوڕێیانە لەگەڵ پێشوازی‌و ڕێز لێنانی گەرمی بەشداراندا بەرەوڕوو بوون.

**دەقی وتـاری هـاوڕێی بـەڕێز کـاك مستـەفا مـەولوودی لـە لاپـەڕە٢ی ئـەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بەرچاو دەکەوێ:**

## لەم ژمارەیەدا


٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ڕاگەیەندرانی شەڕێکی هەموو لایەنە لەدژی گەلی کورد ٤

جیهانگیری‌و کەلتوورە نەتەوەیی‌یەکان لەنێوان ئەگەری مانەوەو هەرەسهێنان‌دا ٤


نیگەرانی‌یە هاوبەشەکانی کۆماری ئیسلامی‌و عەرەبستانای‌سعوودی ٥

تورکیەو هەوڵێك بۆ بوون بە ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپادا ٩

دامەزراوی عەفافو چەند قسەیەك ١٠

پێکهاتنی پێوەندیی مێژوویی لەنێوان دوو گەلی کوردو ئازەری‌دا ١١


## بەڕێوە چوونی سزایەکی ئیسلامی!!



**چوار شەممە ٣٠ ی گەلاوێژ**

**پاسدارێك حوکمەکە دەخوێنێتەوە:**

"بە گوێرەی بڕیار (دادنامــە) ی ژمــارە ٦٣ ـ ٥ ـ ١ ـ ١٩١ ی لقـــــی ١٣٢ ی دادگای سزادانی تاران کە لەلایەن لقی ١٦ی دیوانی بەرزی وڵاتیــش تــەئیید کراوەتــەوە، سەید نەقیی تەباتــەبایی کــوڕی ســەید ڕەزا بەوە مــەحکووم بــووە کــە هــەر دوو چــاوی دەربێنن. ئەگەر تاوانێکی دیکەی نەکردبێت دەســت بــە جــێ دوای بــەڕێوە چوونــی حوکمەکە، ئازاد دەکرێ. ســەرۆکی بــەڕێزی زیندانی قەسـر،سـەرۆکی بێـهداریی زینـدان نوێنەری پزیشکی قانوونی و پۆلیسی قەزایی دەبـێ چـاوەدێری بـە سـەر بـەڕێوە چوونــی حوکمەکــە دا بکــەن، بــۆ ئــەوەی لــە بــاری پزیشکی‌یەوە هەموو ڕێوشوێنەکان ڕەچاو کرابن"!!

وەك دەبینین حوکمەکە بێ هیچ کــەمو کووڕی‌یــەك و بــە ڕەچـاو کردنــی هەموو ڕێوشوێنەکان بەڕێوە چــووەو جــوانو قــازاخ هــەردوو چــاوی کـابرای بێچارەیان دەرهێناوە.

سەرچاوە: سایتی "اخبار روز"

## ئاوڕێك لە ڕابردوو، ڕوانینێك بۆ پێشەوە

درێژەی لاپەڕی١

ـ لە بڵاوكردنەوەی بیری نەتەوایەتیو ڕزگاریخوازانە لە نێو خەڵكی كوردستان دا، لە بنیاتنانو بەرزكردنەوەی كۆشكی فەرهەنگو ئەدەبیاتی سیاسی ـ شۆڕشگێرانەی كوردو لە دەوڵەمەندكردنی ئەزموونی خەباتگێڕانەی گەلەكەمان دا، جێگایەكی بەرزو تایبەتی ـ كە حاشا لێكردنی بۆ هیچ كەس هاسان نیە ـ بۆ خۆی قایلە.

ـ هەموو دەسكەوتێكی سیاسیی جیددیی گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانو هەر جۆرە بەرەوپێشچوونێكی بزووتنەوە ئازادیخوازانەكەی لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوودا، بە جۆرێك لە جۆرەكان لەگەڵ خەباتی ئەو حیزبە لە پێوەندی دابوونو بەرهەمی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی تێكۆشانی ئەو حیزبەو پشتیوانیی خەڵك لە سیاسەتەكانی بوون.

**حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ئەگەر ڕابردوویەكی جێگای شانازیی هەیەو پێیەوە سەربەرزە، داهاتوویەكی ڕوونو گەشیش لە پێش خۆی دا بەدی دەكا. حیزب لە سەرەتای پەنجاوهەشتەمین ساڵی تێكۆشانی خۆی دا، گەشبینترو هیوادارتر لە هەمووكات دەڕوانێتە داهاتووی خۆی. چونكە:**

ـ ئەگەرچی بە تەمەنترین حیزبی خەباتگێری كوردستانە، بەڵام نەك هەر دەوری بەسەر نەچووەو كۆن نەبووە، بەڵكوو تازە خەریكە هەلومەرج بۆ درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختیو بۆ بە ئاكام گەیشتنی ڕەساڵەتە مێژوویییەكەی پێك دێ.

ـ ئەگەر ساڵانێك ڕزگاری لەبندەستیو وەدەستهێنانی مافی دیاریكردنی چارەنووس ئامانجێك بوو كە بەشێكی كەم لە دانیشتووانی كوردستان بەخەبات لە پێناوی وەدیهێنانی دا خەریك بوون، ئێستا زاڵبوونی كورد بەسەر چارەنووسی خۆی دا بووە بە ئامانجی هەموو كوردێكی ئاگا كە ژمارەیان سەر لە میلیۆنان كەس دەداو بە كردەوەش بۆی تێدەكۆشن.

ـ ئەگەر سەردەمێك تێكۆشان و نفووزو خۆشەویستیی حیزبی دیموكرات ناوچەیەكی بەرتەسك لە كوردستانی ئێرانی دەگرتەوە، ئێستا دوای نزیكەی چارەكە چەرخێك خەبات لە دژی كۆماری ئیسلامی، نفووزو خۆشەویستی و تێكۆشانی حیزبی دیموكرات، سەرانسەری كوردستانی ئێرانی گرتۆتەوەو لە هەر جێیەك لە ئێرانو دەرەوەی كوردستان چەند كوردی ئێرانی دەژین، خۆشەویستی و تێكۆشانی حیزبی دیموكرات بەدی دەكرێ.

ـ هەوڵی دەیان ساڵەی حیزبی دیموكرات بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانو بۆچوونە چەوتە كە:"داواكردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی كورد بە مانای هەوڵدان بۆ جیابوونەوە لە ئێرانە"، بەو هۆیەوە كە لە مەیدانی كردەوەدا پێ چەوانەكەی دەركەوتوە، ئاكامێكی باشو هەست پێكراوی بووەو ئێستا قسە لە پێویستیی دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كوردو گەلانی دیكەی ئێران كە پێشتر هەر لە كوردستانەوە دەبیسترا، لە كۆڕو كۆبوونەوەی ڕووناكبیرانو كەسایەتییە فەرهەنگییەكانو تێكۆشەرانی میللیی گەلانی زۆرلێكراوی ئێران دەرچووەو لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامەكانی ئێران و لەناوەندە ڕەسمیو سیاسییەكانی وڵات دا بە جیددییەتی زیاترەوە هاتۆتە گۆڕێ.

ـ حیزبی دیموكرات لە توانا و زەرفییەتو ماهییەتیدا هەیە حیزبی ئەو توێژە تازانەو، ئەو ویستو داخوازە نوێیانەو، ئەو بزووتنەوەو جموجۆڵە كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسییانەی ئەمڕۆی كۆمەڵ بی كە خوازیاری بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی نوێ لە سەر بناغەی دیموكراسی، پلۆرالیزم، دادپەروەریی كۆمەڵایەتیو ڕەتكردنەوەی هەموو چەشنە فەرقو جیاوازیدانانێكی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینیو جینسین.

ـ حیزب بۆ بەرەو پێش بردنی ئەركەكانی لەمەودوا و گەیشتن بە ئامانجەكانی، سەرمایەیەكی مەعنەویی بێوێنەو بەنرخی هەیە. دەرسو ئەزموونەكانی دەیان ساڵ خەبات لە قۆناغی جۆراوجۆرو تێپەڕین بە هەورازو لێژە زۆرەكانی ڕێگای دووردرێژی تێكۆشان دا، كارنامەیەكی پڕلە فیداكاریو خۆبەختكردن كە بە ئارەقەی دەیان هەزار ئەندامی ماندوویینەناسو بە خوێنی نزیك بە پێنج هەزار تێكۆشەرو دەیان سەركردەو ڕێبەری حیزب نەخشاوە، هەروەها پێگەیاندنی سەدان تێكۆشەرو كادری لێوەشاوە كە ئامادەیی بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی تەشكیلاتی، سیاسی، نیزامی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتیو هتدیان لە شوێنی پێویست دا هەیە، بەشێك لەو سەرمایەیەن .

بەڵام بێگومان سەرمایەی لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەو ئیعتبارە مەزنەیە كە حیزبی دیموكرات لە نێو گەلەكەی، خەڵكی وڵاتەكەیو لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هەیەتی. ئەم ئیعتبارە جێگای شانازییە كە لە ئاكامی گرتنەپێشی سیاسەتو هەڵوێستو شێوەخەباتی ئوسووڵیدا پێك هاتوە، پشتیوانیی بەرینی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە حیزبی دیموكراتی لەگەڵ خۆی دا هێناوە. حیزبی دیموكرات شانازی بەو ئیعتیبارو نفووزو پشتیوانییە دەكاو پاراستنیو پەرەپێدانیان بە گرنگترین زامنی بەرەوپێشچوونو سەركەوتنی هەنگاوەكانی داهاتووی خۆی دەزانێ.

## وتاری هاوڕێی بەڕێز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموكرات



**هاوڕێیانی خۆشەویست،**
**خوشك و برایانی بەڕێز،**
**میوانە ئازیزەكان،**

بە بۆنەی جێژنی پەنجاو حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزراندنیحیزبەكەمان، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە، پڕبەدڵ بە ئێوەی خۆشەویست، بەشدارانی ئەو ڕێورەسمە شكۆدارە، بە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، بە كادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، بە هەموو دۆستان و لایەنگرانی حیزب لە هەر شوێنێك كە هەن و بە گشتی بە خەڵكی تێكۆشەری كوردستان و بە نیشتمان پەروەرانی ئێران پیرۆزبایی دەڵێم. بەو هیوایە لە داهاتوویەكینزیك دا، بیرەوەریی موناسیبەت ورۆژەمێژوویییەكانی گەلی كورد و حیزبی دیموكرات لە ئێرانی دیموكراتیك و لە نێو خەڵكی دیموكرات پەروەری كوردستانی ئێراندا بكەینەوە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

دەزانین كە حیزبی دیموكراتی كوردستان لەساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی دا بە دەستی پێشەوای زانای حیزب قازی محەممەدی نەمر، لە سەر بناغەی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان كە ساڵی ١٣٢١ یهەتاوی لە شاری مەهاباد دامەزراوە، هاتۆتە مەیدانی تێكۆشانی سیاسی و بۆ وەدەست هێنانی حوقووقی دیموكراتیكی خەڵكی كوردستان دەستی بە تێكۆشان كردوە.

دامەزرانی حیزبی دیموكرات وەك ڕووداوێكی گرینگ لە مێژووی خەباتی خەڵكی كوردستان دا بە حیساب دێت. ئەوە تەنیا ئێمە ئەندامان و هۆگرانی حیزبی دیموكرات نین كە باوەڕمان بەو ڕاستییە هەیە، بەڵكوو زۆر لەو كەسانەی كە لەسەر مێژووی كورد و خەباتی حیزبی ئێمە لێكۆڵینەوەیان كردوەو ئاگادارن، دان بەو ڕاستی یە دا دەنێن كە دامەزراندنی حیزبی دیموكرات سەبك و شێوەیەكی تازەی لە خەباتی خەڵكی كوردستان بۆ ئازادی و وەدەست هێنانی حوقووقی ڕەوای گەلی كورددا هێناوەتە ئاراوە و مەفهوومی سیاسیی تازە لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان هاتۆتە نێو فەرهەنگی سیاسیی كورد كە هەتا ئەو كات هیچ باسێكی لی نەكراوە.

ئەگەر لە پێش دامەزرانی حیزبی دیموكراتدا كەسێك جوڵانەوەی كوردی ڕێبەری دەكرد یان ڕێكخراوێك تەنیا بۆ وەدەست هێنانی حوقووقی نەتەوایەتیی گەلی كورد تێدەكۆشا، بە هاتنە مەیدانی حیزبی دیموكرات ڕێبەری تاكە كەسی كۆتایی پی هات و ڕێبەری جەمعی بوو بە شێوازی ڕێبەری كردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵكی كوردستان و داوای گەلی كورد كە هەتا ئەو كات لە چوارچێوەی داوای نەتەوایەتی تێنەدەپەری، شێوازێكی میللی ـ دیموكراتیكی بە خۆیەوە گرت. حیزبی دیموكرات لە گەل هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوایەتییەكانی خەڵكی كوردستان بۆ دیموكراتیزە كردنی جووڵانەوەش كاری كردوە، هەولی داوە چین و توێژەكانی كۆمەلی كوردەواری بە شێوەیەكی دیموكراتیك لە مەیدانی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتیدا نەخشیان هەبێو لە ژیانی سیاسی،كۆمەڵایەتیی خۆیاندا بەشدار بن.

ئەوە ئالوگۆڕێكی یەكجار قووڵی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورددا پێك هێناوە.بۆیە ئێمە شانازی دەكەین كە ئەوەڵین حیزبین كە ئەو مەفهوومە سیاسییە تازانە لەگەڵ دروست بوونیدا لە كوردستان هاتوونەتە ئاراوەو برەویان پەیدا كردوە.

خوشك وبرایان! دەتوانین زۆر بەكورتی ئیشارە بە هێندێك نموونە بكەین، كە لە تێكۆشانی سیاسییحیزبدا جێگەیان گرتوە.

یەكەم: حیزبی دیموكرات لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هیچ كات بیری لە بەرژەوەندی تەسكی حیزبی نەكردۆتەوە، بەڵكوو فەرهەنگێكی هێناوەتە ئاراوە، كە تێكۆشەرانی بۆ ڕزگاریی خەڵكی كوردستان لە خۆیانو حیزبەكەیان مایە دابنێنو لەو پێناوەدا لە هیچ فیداكارییەك دریغی نەكەن.

دووهەم: لەگەل ئەوەدا كە حیزبەكەمان حیزبی خەڵكی كوردستانی ئێرانە، بەڵام هەمیشە غەمخۆری كورد لە بەشەكانی دیكەی كوردستانیشدا بووە، لایەنگریو پشتیوانی لە جووڵانەوەی بەشەكانی دیكەی كوردستان كردوەو خۆی بە بەشداری سەركەوتنو نەهامەتییەكانیان زانیوە.

سێهەم: حیزب هەمیشە هەوڵی داوە جووڵانەوەی كوردستان پشت بە تواناو هێزی لەبن نەهاتووی خەڵكی كوردستان ببەستی، بەستراوەیی بە هەموو شێوەیەك ڕەد كردۆتەوەو بەحەرامی زانیوەو لە پێناوی سەربەخۆیی سیاسیدا باجێكی زۆری داوە.

چوارەم: حیزبی ئێمە هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەكانی خەڵكی كوردستان لە ڕێگەو شێوەی مەشروع كەڵكی وەرگرتوە. لە كردەوەی ڕەشەكوژیو تیرۆریستی خۆی پاراستوە، بارمتە گرتن و ڕفاندنی فرۆكەو شتی لەو بابەتانەی بە كارێكی ناپەسەند زانیوە، بەدرەفتاری لەگەل ئەسیرانی شەری لە مەیدانی شەرو لە ناو زیندان دا قەدەغە كردوە.

پێنجەم: هەر لەو كاتەدا بۆ وەدەست هێنانی حوقووقی ڕەوای خەڵكی كوردستانی ئێران تێكۆشاوە. بۆ دابین كردنی دیموكراسی لە ئێرانو بۆ هاوكاریو هاوخەباتی لەگەل هێزە سیاسییە پێشكەوتووكان لە كوردستانو ئێراندا هەولێكی زۆری داوەو تێكۆشاوە.

شەشەم: حیزبی ئێمە هەر لەو كاتەدا كە بۆ نێونەتەوەیی كردنی جووڵانەوەی خەڵكی كوردستان هەولی داوە، هیچ كاتیش لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكی ناوچەییو ئێراندا سەیری مەسەلە سیاسییەكانی نەكردوە، بەڵكوو لە هەر شوێنێكی ئەو دنیایە ئەگەر جووڵانەوەیەكی ڕزگاریخوازیی گەلانی چەوساوەو ژێردەستی پێ شك هاتبی، پشتیوانی لی كردوەو زوڵمو زۆریی چەوسێنەرانو سەركوت كەرانی لە قاو داوەو مەحكوومی كردوە.

حیزبی دیموكرات بە كاری بەردەوامی سیاسیو دیپلۆماسی هەولێكی زۆری بۆ ناساندنی بەهەقو ڕەوا بوونی جووڵانەوەی كوردستان داوە. هەر ئەوە كە خەباتی خەلكی كوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەك خەباتێكی ئینسانی، دیموكراتیك، شۆڕشگێرانە، ئەسیلو خۆشناو ناسراوە، بەلگەی ئەو ڕاستییەیە.

هەر بۆیە بەبێ ئەوەی بمان هەوی بە خۆمان هەل بلێین، دەتوانین بلێین حیزبەكەمان لە زۆر بارەوە لە ڕیزی پێشەوەی حیزبە سیاسییە كوردستانی و ئێرانییەكان دایە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئەگەر حیزبەكەمان گەیشتۆتە ئەو ئاستە و ئەو دەسكەوتانەو زۆر دەسكەوتی دیكەشی لە مێژووی پڕ لە شانازیی خۆیدا تۆمار كردوون، هیچ كاتیش بێ گیروگرفت نەبووەو هەمیشە لە لایەن حاكمانی ئێرانو ناحەزانیەوە كەندو كۆسپ خراوەتە سەر ڕێگای تێكۆشانی.

یەكەم: هەرلە ڕۆژی دروست بوونیەوە لەگەڵ بەربەرەكانیی حاكمانی ئەوكات لە ئێراندا (ڕژیمی پاشایەتی ) بەرەو ڕوو بووە. پاش ئەوەی دەرفەتی بۆ ڕەخساوەو كۆماری كوردستانی دامەزراندوە، یەك ساڵی نەخایاندوە كە هێرشیان كردۆتە سەرو بە غەدر و خەیانەت كۆمارەكەیان لێ جوانە مەرگ كردوە، پاشان ئەوەندی دەستیان وێڕا گەیشتبی، لە پێشەوای حیزبەوە بگرە تا دەگاتە ئەندامانی حیزب ڕاپێچی زیندانو ئەشكەنجەگاكانیان كردوونو بە مەیلی خۆیان لێیان ئیعدام كردوون یان لە زینداندا هێشتوویاننەوە. هەر بەوەندەشەوە نەوەستاون، لەو ماوەیەدا، لە هەر جێگەیەك هەستیان بە تێكۆشانی حیزبی كردبی، پەلاماریان داونو پێشیان بە تێكۆشانیان گرتون، بۆ ئەوەی هەر حەرەكەتێك لە نووتفەدا خەفە بكەن. سیاسەتی (شەلم، كوێرم) یان گرتۆتە بەرو ڕەحمیان بە هیچ كەس نەكردوە، هەركەس لە ڕوانگەی ئەوانەوە تاوانبار بە هاوكاری لەگەل حیزب بووبێ ژیانیان لێ تاڵ كردوە. بۆ بەدناو كردنی تێكۆشەرانی دیموكرات، پێشمەرگەكانی حیزبیان لە زەمانی پەهلەویدا بە "چەتە"و لە زەمانی كۆماری ئیسلامیدا بە "دژی شۆڕش" ناساندوە.

بۆ لاپەڕی٢

# برووخێ ڕێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## شنۆ

چەند رۆژ لەمەوبەر چەند کەس لە گوندی "در وو" گوللە تۆپیکیان دۆزییەوەو بردیانە نیو چادرەکانی خۆیان کە دەکەونە پشتی گوندی در وو. گوللە تۆپەکە بە هۆی دەسکاری دەتەقیتەوەو بەداخەوە کەسیك بە ناوی ئەحمەد جەهانگیری ١٧ سالەی کوشتو دوو کەسی دیکەی بە ناوەکانی عیسا جەهانگیریو ئەسمەر جەهانگیری بەتوندی بریندار کرد، بە جۆریك کە ئەسمەر هەردووك دەستی لەدەست دا. "کوردستان" ویرای سەرەخۆشی لەو بنەمالەیە، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکانی ئەو رووداوە بە ئاوات دەخوازێ.

✵ ✵ ✵

## سەلماس

بە پێ هەوالی گەیشتوو چەند رۆژ لەمەوبەر هیزەکانی ریژیم لە ناوچەی سەلماس تەقە لە چەند کاروانچی دەکەنو لە ئاکامدا کەسیك بە ناوی "سید هاشم محمودی" تەمەن ٢٣ سالە کوری سید صادق خەلکی گوندی "خورخورە" سەر بە ناوچەی بەرینەی سەلماس دەکوژن. ناوبراو لە کاتی شەهید بوونیدا تەنیا ٣٠ میتر پارچەی پێبووە.

ویرای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتەی هیزەکانی ریژیمو هاوکات لەگەڵ ناوەندی ٣ی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەمالەو کەسو کاری سید هاشمو خەلکی گوندی خورخورەی ناوچەی سەلماس دەکەین.

سایتی "کوردستان مەدیا"

## تیرۆری کوردیکی ئیرانی لە هەولیر

رۆژی دووشەمۆ ١٣٨١/٥/٢١ی هەتاوی لاوی ١٧ سالە، مەسعوود کەریمیان کوری جەعفەر خەلکی سەردەشت کە لە دەست دەزگای ئیتلاعاتو سوپای پاسداران لە شاری سەردەشت رای کردبووو لە هەولیر گیرسابۆوە لەم شارە تیرۆر کرا. قاتل لە لایەن ئیدارەی ئاسایشی هەولیرەوە لە ژیر لیپرسینەوە دایە.

لەو پیوەندییەدا ویرای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە، سەرەخۆشی لە بنەمالەو کەسو کاری مەسعوود کەریمیان دەکەینو هیوای بە ئاکام گەیشتنی لیکۆلینەوەو روون بوونەوەی رووداوەکە دەخوازین.

## ناوەندی یەکی کوردستان

رۆژی ٢٥ی گەلاویژ، بەبۆنەی سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە ریورەسمیك بە بەشداریی کادرو پیشمەرگەو بنەمالەکانی سەر بە ناوەندی یەکی کوردستان بەریوەچوو.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و یەك دەقیقە بیدەنگی بۆ ریز لینان لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی یەکی کوردستان بەو بۆنەوە لە لایەن هاوری بەریز حەمەنەزیف قادری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی یەکی کوردستان پیشکەش کرا. دوابەدوای پەیامی ناوەندی١، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتو یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات لقی ناوەندی١ خویندرایەوە.

پاشان شانۆی "لیزمەی گرکانیکی بێکۆتایی" پیشکەش کراو نیوئاخنی بەرنامەکەش سروودو گۆرانیو پەخشانو هەروەها هەلپەرکیی جوانو رازاوەی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات لقی ناوەندی١ی کوردستان بوو.

ریورەسمەکە پاش ٢ سەعات لە نیو خۆشیو شادیی بەشداراندا کۆتایی پێهات.

## سەردەشت

رۆژی هەینی ٨١/٥/٢٥ کەسیك بە ناوی عەبدۆللای مام مەحموود، خەلکی زەردەکانی، بە داخەوە کەوتە سەر مینو لاقیکی لە دەست دا. ناوبراو پاش ئەو رووداوە بۆ یەکیك لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ بەرێ کراوە.

✵ ✵ ✵

### کوژرانی فەرماندەریکی ریژیم لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بە هۆی بەربوونەوەی هیلیکوپتر

هەوالدەریی خویندکارانی ئیران ـ ورمێ رۆژی ٢٩ی گەلاویژ لە هەوالیك لە پیوەندی لەگەڵ بە خاك سپاردنی سەرتیپی دووهەم ئەفشاری قولیزادە فەرماندەری ئینتیزامیی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوادا، رای گەیاند:

سەرتیپی دووهەم ئەفشاری قولیزادە بە هۆی بەربوونەوەی هیلی کۆپتیریك کە بیجگە لەو ٤ کەسی دیکەشی تیدا بوو، گیانی لە دەستدا. بە وتەی ئەو هەوالدەرییە چوار کەسەکەی دیکە ـ بەو هۆیەوە کە هیلی کۆپتیرەکە لە نزیکەوە کەوتۆتەخوار ـ نەمردوونو حالیان باشە، بەلام کەسیکیان بە ناوی سەرتیپ "گراوند" ئیستا لە بەشی ICUی نەخۆشخانەی موتتەهەریی ورمێ کەوتوە.

بە وتەی هەوالدەریی ناوبراو، بەریوەبەری گشتیی سیاسی ـ ئینتیزامیی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بە هەوالدەریی ئیسنای راگەیاندوە کە دوای بەربوونەوەی هیلی کۆپتیرەکە، لیکۆلینەوە بۆ روونبوونەوەی هۆیەکانی بەربوونەوەی دەستی پێکردوە.

# چەند هەواڵ لە دەرەوەی وڵات

## نۆرویژ

### تیرۆری ئەندامیکی حیزب لە نرویژ

بە پێ هەوالی گەیشتوو لە کومیتەی حیزب لە نورویژەوە، بەداخەوە شەوی یەك شەمۆ ریکەوتی ١٣٨١/٥/١٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٠٢/٨/٤ی زایینی کاك تاهیر حەمیدی ئەندامی حیزب لە تاکسیی خۆیداو لە شاری "ستاوانگر"ی نورویژ بە پیلانیکی نادیارو بە چەقۆ تیرۆر کرا.

کاك تاهیر کوری حاتەم سالی ١٣٤٣ لە گوندی "ئەنبێ" سەر بە شاری ورمێ لەدایك ببوو. خویندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردو پاشان بۆ دریژەدان بە خویندن چووە شاری ورمێ. ناوبراو سالی ١٣٥٩ پاش ماوەیەك پیوەندی گرتن بە ریکخراوەکانی حیزبەوە ئاشکرا دەبێو سەرئەنجام سالی ١٣٦١ هاتە نیو ریزی پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوەو بەهۆی کاری بەردەوامو لیوەشاوەیی ئەرکەکانی سەرپەلو جیگری لکی پێدەسپیردرێو لە سالی ١٣٦٥ وەك کادری سیاسیی لكو ئەندامی کومیتەی شارستانی ورمێ دیاری دەکرێ.

سالی ١٣٦٧ نەقلی کومیتە شارستانی شنۆ کراو ئەرکی فەرماندە لکی پێدەسپیردرێ. لە کۆتایی ئەو سالەدا رووی کردە ولاتی تورکیەو لە سالی ١٩٨٩ی زایینی لە ولاتی نورویژ وەك پەنابەر وەرگیراو لەو ولاتەش وەك ئەندامیکی چالاکی حیزب دریژەی بە تیکۆشانی خۆیدا.

بەداخەوە تا ئیستا بکوژانی کاك تاهیر نەناسراونو پولیسی نورویژ هەروا خەریکی لیکۆلینەوە لە رووداوەکەیە.

لەو پیوەندییەدا داخو پەژارەی خۆمان بە تیرۆری کاك تاهیر حەمیدی دەردەبرینو پرسەو سەرەخۆشیمان پیشکەشی بنەمالەو کەسوکارو هەموو هاورییانی دەکەین.

سایتی "کوردستان مەدیا"

## بریتانیا

### ریزگرتن لە پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزب

رۆژی ١٧ی ئووتی ٢٠٠٢ی زایینی کومیتەی حیزب لە بریتانیا، بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە یەکیك لە سالۆنەکانی شاری ئەکتۆندا ریورەسمیکی بەریوە برد.

لەم ریورەسمەدا کە بە بەشداریی بەشیکی بەرچاو لە دۆستانو لایەنگرانی حیزب پیك هاتبوو، هاورێ مەولوود سوارە بەرپرسی کومیتەی حیزب پەیامی کومیتەی حیزبی بەو بۆنەوە خویندەوە. بە دوای ئەودا کاك هاشم کەریمی بە تیروتەسەلی لە سەر وەزعی ئیستای ئیرانو کوردستان بۆ بەشداران دوا. پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە لەندەن بەو بۆنەوە خویندرایەوە. ریورەسمەکە بە هەلپەرکێو گورانی تا سەعاتی ١٢ی شەو دریژەی کیشا.

## دریژەی وتاری هاورێ مستەفا مەولوودی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ

پاش سەرکەوتنی شۆرش سالی ١٣٥٧ی هەتاویو هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ئیراندا، لەگەل ئەوەی حیزبی ئیمە چالاکانە لە رووخانی نیزامی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیراندا بەشدار بووەو وەك دەزانین زۆریش هەولی داوە لە ریگەی وتوویژو بە ئاشتییەوە خەلکی کوردستانی ئیران بە ئامانجەکانیان بگەن، بەلام زۆر زوو لە لایەن کاربەدەستانی تازە بە دەستەلات گەیشتووەوە کۆسپی خراوەتە سەر ریگاو پیلانی بۆ دانراوەتەوە. یەك لە دوای یەك لە شارەکانی کوردستان شەری خویناوی لە دژی وەرێ خراوە. سەرئەنجام لە رۆژی ٢٨ی گەلاویژی سالی ١٣٥٨ی هەتاویدا لە لایەن ئایەتوللا خومەینییەوە فتوای جەهاد بە دژی خەلکی کوردستان دەرکراوەو حیزبی دیموکرات بە هەلوەشاوە راگەیەندراوە، تەنانەت بە حیزبی شەیتانیش ناو بردراوە. داوا لە خەلکی ئیران کراوە بۆ تیك شکاندنی خۆراگری خەلکی کوردستان، هیرش بکەنە سەر کوردستان. لەوەش سەیرتر داوا لە خەلکی کوردستان کرابوو سەرانی حیزبی دیموکرات بگرن و تەحویلیان بدەن. وەك ئەوەی حیزبی دیموکرات تاقمیکی بچووك و بیزراو بێ لە کوردستان. غافل لەوە کە حیزبی دیموکرات لە دلی خەلکی کوردستان هەلقولاوە و ئامانجی ئەو، ئامانجی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە و ئەوان لەگەل خۆراگری ئازایانەی تیکوشەرانی دیموکراتو خەلکی کورد روو بە روو دەبن.

پاش ئەو فتوا نارەوایە هیزەکانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شیوەیەك پەلاماری کوردستانیان داو داگیر کردنی شارو گوندەکانی کوردستان، ویران کردنی جیگەو شوینی ژیانی خەلك، سووتاندنو بە تالان بردنی سەروەت و سامانی خەلكو گرتنو ئەشکەنجەو کوشتنو ئیعدامی خەلکیان بۆ بە چۆكدا هینانی خەلکی کوردستان کردە پیشەی رۆژانەیان. لەراستیدا کوردستانیان بۆ هیزە نیزامییەکانیان کردە پادگانیکی گەورەو بۆ خەلکی کوردستان کردە زیندانیکی جەهەندەمی. هەتا ئیستا کە زیاتر لە ٢٣ ساڵ لە هیرشی رژیم بۆ سەر کوردستان و خۆراگری خەلکی کوردستان لە بەرامبەریدا تێدەپەری، کاربەدەستانی حاکم لە ئیراندا لە هیچ کردەوەیەکی دژی گەلی بۆ بەربەست کردنی تیکۆشانی حیزب و خۆراگری گەلی کورد خۆیان نەپاراستووەو ناپاریزن.

بەریزان!

ئەوە جیگەی داخە کە دوای ئەو خەباتە دوورو دریژە، ئەو هەمووە زیندان و ئەشکەنجەو ئیعدام و ئاوارەییو دەربەدەری یە کە رۆلەکانی گەلی کوردو تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات کیشاویانە هەتا ئیستاش ئاواتە لە میژینەکەمان وەدی نەهاتووەو دیسانیش دەبی خۆمان بۆ خەبات و قوربانیدانی زیاتر ئامادە بکەین. بەلام هەر لەو کاتە دا ئەوەش جیگەی شانازییە کە پاش پەنجاو حەوت ساڵ ئیستاش دروشمی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئیران و لە مەیدانی نیو نەتەوەییدا بە مناسب ترین دروشمی سیاسی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئیران دادەنرێ.

هاورییانی بەریز!

ئیمە لە کاتیك دا جیژنی ٢٥ی گەلاویژی سالی ١٣٨١ی هەتاوی ریز دەگرین کە ئیرادەیەکی پتەو بە بریاریکی لیبراوانە لە نیو کۆمەلانی خەلکی ئیران دا بۆ پاکانە حیسابی یەکجاری لە گەل کۆماری ئیسلامی بە هەموو قۆلو دەستەو تاقمەکانیەوە دروست بووە. ئەو شیعارە راشکاوانە و روونانە کە لە چین وتویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەل دەبیسترین، مزگینیی داهاتوویەکی گەش و ئاسۆیەکی روونمان پی دەدەن.

سەرنجیك لە رووداوەکانی یەك مانگی ئەم دواییە زۆرشتمان بۆ دەردەخات. هەلوەشاندنەوەی "نهضت آزادی"و حوکم درانی زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئەندامانی ئەو ریکخراوەیەو رەنگ دانەوەی لە نیو کۆرو کۆمەلی سیاسی و رووناکبیریدا راگەیەندراوی سپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامیی ئیران بە دژی خەلکی ئیرانو ئیسلاحتەلەبانو تاوانبار کردنیان بە ستوونی پینجەمی ئەمریکاو سەربازی پیادە نیزامی سەرکۆماری ئەمریکا، نیشاندانی "اعترافات"ی سیامەك پوورزەند لە کانالەکانی تەلەوزیۆنی ئیران دا، و زۆر رووداوی دیکەی سیاسی، کۆمەلایەتیو ئابووری شاهیدی بۆ ئالۆزیی ئەو ولاتە دەدەن.

لەوانە سەرنج راکیشتر بلاو بوونەوەی هیندیك ئامارو راپرسی لە کۆمەلیك خەلکی شارەکانی ئیرانە.

یەکەم: نزیك بە یەك مانگ لەوە پیش بانکی مەرکەزیی کۆماری ئیسلامی (درآمد سرانە)ی هەر ئیرانییەك ٨/٥٢ میلیۆن قران لە ساڵ دا بەراورد کردوە کە ئەگەر بە دۆلاری یەك نرخی بقەبلیندری، دەبیتە هەزار و شەش سەد و پینج دۆلار لە سالیكدا، یانی حدودی ٥٠٪ی دەورانی پیش شۆرشی سالی ٥٧.

دووهەم: راپرسیی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی کە لەو ماوەیە دا کراوە نیشان دەدا. نزیك بە ٩٤٪ ی خەلکی ئیران خوازیاری گۆرینی نیزامن و تەنیا ٦٪ی خەلك پییان باشە رژیم بەو جۆرە کە هەیە بمینیتەوە.

سیهەم: چەند رۆژ پیش ئیستا وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی و وەزارەتی ئیتلاعات پاش راپرسی لە کۆمەلە خەلکیك، بلاویان کردۆتەوە کە زیاتر لە ٧٣٪ تا ٧٨٪ خەلکی ئیران خوازیاری پیوەندی لەگەل ئەمریکان.

کەوایە هەروەك بەریز مامۆستا عبدالله حسن زادە "سکرتیری حیزبە خۆشەویستەکەمان" لە ریورەسمی سیزدەهەمین سالوەگەری شەهادەتی دوکتور قاسملووی شەهید دا فەرمووی"وولاتەکەمان لە دەروازەی ئالوگۆریکی بنەرەتی دایە. ئەم راستی یە ئەرکی تازە دەخاتە سەر شانی هەموو ئازادیخوازانی ئیران و یەك لەوان تیکۆشەرانی دیموکرات. با بە ئیرادەیەکی پتەو و ئومید بە دوارۆژەوە بەرەو پیلی رووداوەکان بچین و خۆمان بۆ بەجی گەیاندنی ئەرکەکانمان لە هەموو باریکەوە ئامادە بکەین. با حیزبەکەمان دیسان نوختە هومیدی خەلکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی ئیران بی".

**جاریکی دیکە جیژنی ٢٥ی گەلاویژتان لی پیرۆز بی.**
**هەر شادوسەرکەوتوو بن.**
**سوپاس بۆ گوی گرتنتان.**

# ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨

## ڕاگەیاندنی شەڕێکی هەموو لایەنە لە دژی گەلی کورد

خالید محەممەدزادە

"ئێمە ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەبەینە بەر دادگاو موحاکەمەیان دەکەین. کوردەکان لە گەورەترین کافرەکانن. هەر بۆیە ئێمە وەڵامی کردەوەکانیان دەدەینەوە". (١) "ئەمن بە دەوڵەت، ئەرتەش‌و ژاندارمیری ڕادەگەیەنم کە ئەگەر بە توپ‌و تانک‌و هەموو توانایانەوە تا ٢٤ سەعاتی دیکە نەچنە شاری پاوە، هەموویان بە بەرپرس دەزانم" (٢)". ئەمانە [کوردەکان] خەڵکانێکن کە ناکرێ لە ڕێگای دانوستاندن‌و ئاشتی‌یەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکرێ، دەبێ لەگەڵ ئەمانە بە توندی هەڵسووکەوت بکرێ‌و بەتوندیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین"(٣) "ئێمە تەواوی میللەت کۆ دەکەینەوە، ئێمە تەواوی پاسدارەکان کۆ دەکەینەوە، ئێمە تەواوی ژنان‌و پیاوانی ئێرانی کۆ دەکەینەوەو بناغەیان [کوردەکان] دەسووتێنین"(٤).

"ئەی بناغەکانی گەندەڵی! ئێوە ناتوانن کارێک ئەنجام بدەن‌و دەبێ لە مەیدان بچنە دەرێ، ئێمە، ئێوە لە گۆڕ دەنێین. ئێوە شیاوی ئامۆژگاری نەبوون. ئەوانەی بە ناوی دیموکراسی‌و بە ناوی دیموکرات (*) وڵات بەرەو گەندەڵی دەبەن، دەبێ سەرکوت بکرێن . . . فەرماندەرانی ئەرتەش لە سەریانە کە هەموو جۆرە تەقەمەنی‌یەک بۆ برا پاسدارەکانی ئێمە ئامادە بکەن‌و ئەوان تەیار بکەن. دەبێ زۆر بە خێرایی بناخەکانی گەندەڵی هەڵبکەندرێن‌و میللەت نابێ مەوادایان پێ بدا. ڕێبەرانی ئەمانە [کوردەکان ] شیاوی ئامۆژگاری نین. ئەمانە لە تایفەی "بنی قریضه" خراپترن‌و دەبێ ئیعدام بکرێن. . . . ئەمانە مرۆڤ نین. ئەمانە ڕەوشتیان وەک هی ئاژەڵان وایەو بەڵکوو لە ئاژەڵیش خراپترن. . . . ئەوانە بە خێرایی سەرکوت دەکەین" (٥).


اطلاعات
اخطار ۸ ماده‌ای امام درمورد نیروهای مسلح و کردستان
۷۰۰۰ کودک و زن و مرد مریوانی در شرایط دشوار زندگی می کنند
در کردستان چه میگذرد؟
گزارش لحظه به لحظه عملیات ارتش در درگیریهای مهاباد
جزئیات نبرد خونین در سقز
اطلاعات
کمک ۱۷ میلیون «دیناری» برای ایجاد آشوب در کردستان
تشییع جنازه شکوهمند شهدای پاوه
۱۶ ضدانقلابی و مفسد فی الارض
هشدار رهبر انقلاب به منافقین
پیشروی ارتش بسوی مهاباد آغاز شد
حزب شیطان است
در مهاباد

خوێنەری بەڕێز!

ئەو قسانەی سەرەوە کە زیاتر وەك قسەی فەرماندەرێکی بریندارى مەیدانی شەڕ دەچن تا ڕێبەرێکی ئیسلامی بەشێکی زۆر کورت لە پەیامی خومەینی یەکێك لە گەورەترین خوێنمژان‌و جینایەتکارانی سەدەی بیستەم لە ژێر ناوی "فتوای جهاد" دەرحەق بە خەڵکی مافخوازو چەوساوەی کورد لە ٢٣ ساڵ لەمەوپێش بوو کە زۆر وەحشیانەش بەکردەوە بۆ جێبەجێ کردنیان هەنگاوی نا. ٢٣ ساڵ لەمەو پێش‌و ڕاست ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨و شەش مانگ پاش تێکەوەپێچانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و لە کاتێکدا گەلی کورد لە ژێر ڕێبەری‌و ڕێنوێنی‌یەکانی حیزبی دیموکراتدا، خوازیاری گەیشتن بە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکان بوون "فتوای جهاد" واتە کوشتاری بە کۆمەڵی کورد لە لایەن خومەینی‌یەوە ڕاگەیاندرا.

"٢٨ی گەلاوێژ یادی ڕووداوێکی پرشوورەیی لە مێژووی ئێران دایە. یادی فتوا بەدناوەکەی خومەینی لە دژی گەلی کورد لە کانالی حیزبی دیموکراتەوەیە. یادی ئەو ڕۆژەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێجگە لە قەدەغە کران، بە حیزبی شەیتان ناوبراو داوا لە هەموو خەڵکی ئێران کرا بە هەموو چین‌و توێژەکانی‌یەوە، شەر لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکەن‌و بێن ئەو گەلە لە خاك‌و خوێن وەردەن"(٦). لەڕاستی‌دا پێش دەرچوونی فتواکەی خومەینیش هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنابووە سەر کوردستان. خولقاندنی جینایەتی نەورۆزی خوێناویی سنە (١٣٥٨)، هێرش بردنە سەر مێتینگی حیزبی دیموکرات لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ لە نەغەدە، پەلامار بردنە سەر شارەکانی کامیاران‌و پاوەو دامەزراندنی جوخەکانی ئیعدام لە چەندین شاری کوردستان، زەمینەی هەڵایسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەری سەرانسەری‌یان ساز کردبوو. هاوکات لەگەڵ خۆ تەیارکردنی لەشکریانی ئیسلام بۆ پەلاماردانی کوردستان، هێرشی بەربڵاوی تەبلیغاتی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ڕادیۆو تەلەویزیون‌و بڵاوکراوەکانی تاران دەستی پێکردبوو. کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بە هەست کردن بەو قۆناغە ناسکەو پێشبینی کردنی پەلامارێکی هەمە لایەنەی پاسدارانی ڕێژیمی خومەینی بۆ سەر کوردستان، چەند ڕۆژ پێش فتوا قێزەونەکەی خومەینی نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ ناوبراو لە ژێر ناوی "نامەی سەر ئاوەڵای حیزب بۆ ئیمام" نارد کە لە بەشێکیدا هاتبوو: "جەنابی ئایەتوڵڵا! زیاتر لە مانگێکە هێرشی بەرینی پروپاگەندە لە لایەن ڕادیۆو تەلەویزیون‌و ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی جمهوری ئیسلامی‌یەوە لە دژی خەڵکی کوردستان‌و لە دژی داوا ڕەواکانی گەلی کوردو بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان دەست پێکراوە. ڕۆژ نیە حیزبی ئێمە لە لایەن مەقامێکی دەوڵەتی یا مەزهەبی‌یەوە پەلامار نەدرێ . . . شان بە شانی ئەو پروپاگەندانەش ئەرتەش لە هەموو لایەکەوە وەرێ کەوتوەو لە جنووب‌و ڕۆژهەڵاتەوە بە خێرایی‌و بە چەشنێکی ڕێك‌و پێك پادگانەکانی شارەکانی کوردستان بەهێز دەکرێن"(٧). کومیتەی ناوەندیی حیزب لە درێژەی ئەو نامەیەدا وێرای ئاماژە کردن بە قوربانی‌دانی لە مێژینەی گەلی کورد لە پێناوی داخوازەکانیان‌و ڕیشەدار بوونی حیزبی دیموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵكدا وەعدەو بەڵێنی‌یەکانی خومەینی وەبیری ناوبراو دێنیتەوەو دەنووسێ: "هەتا ڕێگا چارەی سیاسی نەبەستراوە، تا دەرگای ئاشتی‌و وتوویژ ئاواڵایە دەستوور بفەرموو ئەرتەش دەست لە لەشکرکێشان هەڵگرێ. پروپاگەندەی ژەهراویی ڕادیۆو تەلەویزیون بوەستێن. دەوڵەت گوێ بۆ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان ڕاگرێ . . . . بەڕاشکاوی‌و بە هەستی مەسئوولیتەوە ڕادەگەیەنین کە کوردستان کەوتۆتە بەردەم کارەساتێکی گەورەو خەریکە پیلانێکی بەربڵاو دژی خەڵکی زۆرلێکراوی کورد ڕێك دەخرێ"(٨).



بەداخەوە هەوڵە ئاشتی‌خوازەکانی حیزبی دیموکرات‌و گەلی کوردو دۆستانی ئەو لە پشت گوێ خران. خومەینی ڕۆژی جێژنی قوربانی ١٣٥٨ لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی شاری قومدا ڕای‌گەیاند: "لە کوردستان‌دا لاوەکانی ئێمە دەکوژن‌و دەڵێن موسوڵمانین . . . قورئان دەڵێ ئێوە کافرن. بۆ لە قورئان پێرەوی ناکەن. ئێمە لەگەڵ ئەواندا بە شێوەیەك ڕەفتار دەکەین کە لەگەڵ غەیرە موسولمانەکاندا دەیکەین. لەگەڵ ئەواندا وەك کافر هەڵسوکەوت دەکەین‌و ئەوان سەرکوت دەکەین"(٩).

بەمشێوەیە ئۆرگانە سەرکوتکەرەکان بە جبەخانەی بە جێ ماو لە ڕێژیمی پێشوو، لات‌ولومپەنی سەر شەقام‌و . . . ئەو لاوە ساوێلکانەی کە فریوی قسەکانی خومەینی‌یان خوارد بوو بە چەکی جۆراوجۆر تەیار کران. کۆی ئەمانە لە ژێر ناوی لەشکری ئیسلام لە هیچ جینایەتێك خۆیان نەبوارد. جوخەکانی ئیعدام بە سەرپەرستیی خەلخالی، حەسەنی، سەیادی شیرازی‌و ئەبوشەریف‌و . . . دامەزران‌و بە سەدان پیاوو ژن ئیعدام کران. شارو گوندەکان درانە بەر ڕەهێڵەی توپ‌و مووشەك، کوردستان گەمارۆی ئابووری دراو هەموو ڕێگا ئەسڵی‌یەکان بەستران‌و بایکۆتێکی تەواوی‌خەبەری خرایە سەری‌و کوشتارگایەك دامەزراو کوشتاری کەم وێنە لە خەڵك کرا. بایەخە مەزهەبی‌و نەتەوەیی‌یەکان درانە بەر توانج‌و گاڵتە. دەستە دەستە گیراوەکان بەرەو گرتووخانە ڕاپێچ کران. حیزبی دیموکرات وەك جیاییخواز ناو براو ڕێبەرانی بە "مفسد فی‌الارض" ناوزەد کران‌و حوکمی گرتنیان درا.

ئاخوند دەستغەیبی خوێنمژ بۆ هەرچی زیاتر هاندانی خەڵکی ئێران بۆ هێرش بردنە سەر کوردستان ڕای‌گەیاند: "لە ژێر ئاسمانی شین‌دا هیچ خزمەتێك سەرووتر لە خزمەت لە کوردستان‌دا نیە". کە لە سادەترین تێگەیشتن‌دا دەتوانین ئاوا لێکی بدەینەوە: "لە ژێر ئاسمانی شین دا هیچ کارێك ڕەواتر لە کوشتاری خەڵکی کوردستان نیە". خومەینی بکوژی هەزاران کورد بۆ پاساودانی جینایەتەکانی هەر ئەو دەم ڕای‌گەیاند: "ئێمە لە کوردستان‌دا لەگەڵ کوفر شەر دەکەین، نەك لەگەڵ کورد". سەرەڕای سانسۆری توندی خەبەری، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کورد لە ئاستی جیهان‌دا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو. خومەینی لە ڕامبەر پرسیارێکی ئۆریانا فالاچی ڕۆژنامە نووسی ئیتالیایی‌دا کە لێی دەپرسێ کوردەکان ئیعدام دەکرێن چونکە خودموختاری‌یان دەوێ؟ دەڵێ: "ئەو کوردانەی کە ئیعدام دەکرین، خەڵکی کورد نین، ئەوانە ئەو تێکدەرانەن کە بە دژی میللەت‌و بە دژی شۆڕش کار دەکەن"! (١٠).

ئەو پەلامارە خوێناوی‌یە کە بە شەڕی ٣ مانگە ناوی دەرکرد بە هەزاران کورد لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٥٨دا کردە قوربانیی فتوای خومەینی‌و کوردستان بوو بە گورستان. فەرمانی جیهادی خومەینی هەوڵێکی توتالیتیری‌و فاشیستی‌یانە بوو بۆ پاکتاو کردنی گەلی کورد لە ئێران‌دا. بێ گومان "فتوای جیهاد" کە مەقوولەیەکی ئیسلامی‌یە لە هەمان کات‌دا کە کافر بوونی کوردەکان لە ڕوانگەی ناوبراوە پیشان دەدا چەکێکی بە هێزیش بوو بۆ وروژاندنی هەستی مەزهەبی خەڵکی ساوێلکەی ئێران بۆ پەلامار بردنە سەر کوردستان.

دوژمنایەتی خومەینی بە نیسبەت گەلی کوردو بەتایبەت حیزبی دیموکرات کاتێ پتر خۆ دەنوێنێ کە سەرنج بدەینە وەسییەتنامەیەك کە لە پاش مەرگی‌دا بڵاو بۆوەو لەودا ڕاشکاوانە خوازیاری سڕینەوەی حیزبی دیموکراتەو بەو پەڕی ڕیاکاری‌و چەواشەکاری‌یەوە دەنووسێ: "ئەمن بە ئێوە کە بە ناوی خودموختاری‌و لایەنگری لە کورد دەستتان داوەتە چەك‌و خەڵکی هەژاری کوردستانتان لە خزمەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێبەش کردوە وەك حیزبی دیموکرات‌و . . . وەسییەت دەکەم بگەڕێنەوە باوەشی میللەت"(١١)

بەڵام خومەینی چۆن ئەم ئاواتەی سەبارەت بە سڕینەوەی حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد لەگەڵ خۆی‌دا لە گۆڕنا، دەبێ دڵنیاش بێ کە جینایەتکاران‌و بکوژانی دەست پەروەردەی ئەویش بەم ئاواتەیان ناگەن. چونکە تا گەلی کورد هەبێ حیزبی دیموکراتیش هەیەو تا حیزبی دیموکراتیش هەبێ داخوازەکانی گەلی کورد هەروا لە جێی خۆیان‌دا دەمیننەوەو بۆ وەدیهاتنیان خەبات هەر درێژەی دەبێ.

ماوەتەوە بڵێین: "ئەو ڕێژیمە هەشت ساڵ شەری لەگەڵ دەوڵەتێکی خاریجی هەبوو، بەڵام لە دژی دەوڵەتێکی خاریجیش دیسانەکە خومەینی حوکمی جیهادی نەدا، کەچی لە دژی گەلی کوردو لە دژی بەشێك لە خەڵکی ئێران ئاوا بێ بەزەیی‌یانەو دڵرەشانە هاتە مەیدان‌و فەرمانی "قتل عام"ی خەڵکی کوردستان دا" (١٢).

**سەرچاوەکان:**

**١ـ کتێبی "خەباتخوازیی کورد" نووسینی کریس کوچیرا، وەرگێرانی ئاسۆ حەسەن‌زادە ـ ١٩٩٩.**

**٢ـ ڕۆژنامەی "اطلاعات" ژمارە ١٥٩٣١.**

**٣ـ هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٥٩٣٢.**

**٤ـ هەمان ڕۆژنامە، ژمارە ١٥٩٣٣.**

**(*) مەبەست حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.**

**٥ـ ڕۆژنامەی "اطلاعات"، ژمارە ١٥٩٤٣.**

**٦ـ ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٢٧٤' وتاری سکرتێری گشتی حیزب لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ.**

**٧ـ ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٥٩ "نامەی سەرئاوڵای حیزب بۆ ئیمام" ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٥٩.**

**٨ـ هەمان ڕۆژنامە، ژمارە ٥٩.**

**٩" ڕۆژنامەی "اطلاعات"، ژمارە ١٥٩٣٧.**

**١٠ـ ڕۆژنامەی "اطلاعات"، ژمارە ١٥٩٧٠ ـ وتوویژی ئۆریانا فالاچی لەگەڵ خومەینی کەبە ناوی "من نە دیکتاتور هستم نە فاشیست" بڵاو بۆتەوە.**

**١١ـ وسییەتنامەی خومەینی.**

**١٢ـ ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٢٧٤ ـ وتاری سکرتێری گشتی حیزب لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ.**

# جیهانگیری‌و كه‌لتووره نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان له نیوان ئه‌گه‌ری مانه‌وه‌و هه‌ره‌سهینان‌دا

عرفان ره‌هنموون

جیهانگیری یه‌كیك له‌و ته‌وه‌رانه‌یه كه له ناوه‌نده زانستی‌و فه‌رهه‌نگی‌یه‌كاندا بۆته یه‌كیك له باسه هه‌ره گرینگه‌كان‌و چه‌ندین لیكۆلینه‌وه‌ی زانستی له‌م باره‌یه‌وه ئه‌نجام دراون. به‌ڵام شتیك كه جیگای سه‌رنجه ئه‌وه‌یه كه بیروبۆچوونه‌كان له باره‌ی ئه‌م ته‌وه‌ره‌وه تا راده‌یه‌كی زۆر له‌یه‌كه‌وه دوورن. هۆی جیاوازیی بیرورا له سه‌ر چه‌مكی جیهانگیری بۆ دوو هۆی سه‌ره‌كی ده‌گه‌ریته‌وه. یه‌كه‌م: چونكه جیهانگیری ته‌وه‌ری زانسته مرۆڤایه‌تی‌یه‌كانه‌و، هه‌موو ته‌وه‌ره‌كانی زانسته مرۆڤایه‌تی‌یه‌كان چه‌مك گه‌لیكی گشتین‌و له خودی خۆیاندا هه‌لگری چه‌ندین بیرورای جیاوازو دژ به یه‌كن. دووهه‌م: چونكه ئیمه له سه‌رده‌میكدا ده‌ژین كه هیشتا پرۆسه‌ی جیهانگیری به ته‌واوی په‌لوپۆی نه‌هاویشتوه‌و ناتوانین بی‌ئه‌ملاوئه‌ولا كاریگه‌ری‌و ئاكامه‌كان له رووی چه‌ندایه‌تی‌و چۆنایه‌تی‌یه‌وه هه‌ڵسه‌نگینین. به شیوه‌یه‌كی گشتی له باره‌ی سه‌ره‌تای سه‌رهه‌ڵدانی دیارده‌ی جیهانگیری‌یه‌وه سی روانگه خراونه‌ته روو:

١ـ جیهانگیری ره‌وتیكه كه هه‌ر له به‌ره‌به‌یانی میژووه‌وه تا ئیستا بوونی هه‌بووه‌و ئیمه به چاوی خۆمان ده‌ره‌نجام‌و ئاكامه‌كانیمان بینیوه، به‌ڵام به جیاوازی‌یه‌كه‌وه كه ئه‌م ره‌وته له سه‌رده‌می هاوچه‌رخدا خیرایی‌یه‌كی چاوه‌روان نه‌كراوی به‌خۆیه‌وه دیوه.

٢ـ جیهانگیری، دیارده‌یه‌كی نوی‌یه كه ویده‌چی پرۆسه كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كانی سه‌رده‌می ناسراو به سه‌رده‌می پاش پیشه‌سازی‌و پۆست مۆدیرنیسمی به یه‌كه‌وه گری دابی.

٣ـ جیهانگیری، رووداو یان دیارده‌یه‌كه كه هاوكات له ته‌ك په‌ره‌سه‌ندنی مۆدیرنیسم‌و نیزامی سه‌رمایه‌داری جیهانی‌دا گه‌شه‌ی كردوه‌و له‌سه‌رده‌می ئینفۆرماتیكدا به شیوه‌یه‌كی سه‌رسورهینه‌ر خۆی ده‌سه‌پینی.

به شیوه‌یه‌كی گشتی ده‌توانین باس له سی هۆكاری سه‌ره‌كیی په‌ره‌سه‌ندنی دیارده‌ی جیهانگیری به‌كه‌ین:

١ـ په‌ره‌سه‌ندن‌و جیگیر بوونی سیستمی ده‌وله‌ت ـ نه‌ته‌وه ٢ـ گه‌شه سه‌ندنی ئابووری‌و سه‌رمایه‌داری جیهانی ٣ـ سه‌رهه‌ڵدانی شۆرشی تیكنۆلۆژیك له سه‌ده‌ی هه‌ژده‌و نۆزده‌داو ته‌قینه‌وه‌ی هه‌رچی زیاتری زانیاری له سه‌ده‌كانی بیست‌و بیست‌و یه‌كدا.

ئانتۆنی گیدنز له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌یه كه جیهانگیری ره‌وتیكه كه بۆته هۆی به‌رینتر بوونی كه‌لین‌و زیاتر بوونی بۆشایی له نیوان "كات"و "شوین"دا. به واتایه‌كی دیكه ده‌توانین بلیین كه جیهانگیری بریتی‌یه له چربوونه‌وه‌ی سه‌رسورهینه‌ری "كات"و "شوین".

جیهانگیری كاریگه‌ری‌یه‌كی گرنگ‌و هه‌مه‌لایه‌نه‌و گشتگیری له سه‌ر هه‌موو بواره‌كانی ژیانی مرۆڤ هه‌یه. یه‌كیك له كاریگه‌ری‌یه‌كانی جیهانگیری، كاریگه‌ری له سه‌ر فه‌رهه‌نگه كه بۆته هۆی باسگه‌لیكی فره چه‌شن‌و فره ره‌هه‌ند له نیو كۆرو كۆبوونه‌وه زانستی‌و ئاكادیمی‌یه‌كاندا. پیوه‌ندی كه‌لتووره‌كان له سه‌رده‌می تیكنۆلۆژی‌و ریكخستنی سه‌رمایه‌دارانه‌ی به‌رهه‌مهینانی چروپری كالا كه‌لتووری‌یه‌كان، سه‌رنجی كه‌لتووزناسانی بۆ لای پرسگه‌لیكی وه‌ك جیهانگیریی كه‌لتوورو سه‌رهه‌ڵدانی تاك كه‌لتوورو . . . راكیشاوه. گه‌شه‌ی نه‌پساوه‌و به‌رده‌وامی تیكنۆلۆژی بوارو ره‌هه‌ند گه‌لیكی تازه‌ی له هه‌لومه‌رجی كه‌لتووریی جیهاندا خولقاندوه‌و ئالوگۆری له بایه‌خه‌كاندا پیك هیناوه. بیگومان جیهانگیری ته‌مومژاوی‌ترین چه‌مك‌و وشه‌ی سه‌رده‌می ئیستایه. رۆژنامه‌وانان، سیاسه‌تمه‌داران، بازرگانان، خویندكاران‌و ته‌واوی كۆمه‌لگا له‌م وشه‌یه بۆ ئاماژه كردن به گۆرانكاری‌یه قووله‌كان‌و سه‌رهه‌ڵدانی تیئۆری‌یه‌كی نویی ئابووری، سیاسی‌و كه‌لتووری كه‌لك وه‌رده‌گرن. ئه‌م وشه‌یه له روانگه جیاوازه‌كاندا ماناو واتای جۆراوجۆر په‌یدا ده‌كا. به دژواری ده‌كری بگوتری كه ئه‌مرۆ جیهانگیری چ مه‌ترسی‌یه‌كی هه‌یه؟و كاركرده‌كانی چین؟و چ كاریگه‌ری‌یه‌ك له سه‌ر كه‌لتوور داده‌نی؟

زۆربه‌ی بیریارانی زانسته كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كان له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌ن كه ئه‌مرۆ جیهانگیری بالی به‌سه‌ر جیهاندا كیشاوه‌و بۆته هۆی باڵاده‌ستیی ده‌زگای سه‌رمایه‌داری ئابووری، چه‌سپاندنی ده‌وله‌ت، نه‌ته‌وه‌و له نیوچوونی دابونه‌ریته خۆجیی‌یه‌كان. ماركسیسته‌كان، پشتیوانانی تیئۆریی نه‌زمی نویی جیهانی، پراگماتیسته‌كان‌و بیریاره هاوچه‌رخه‌كان له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌ن كه جیهانگیری ته‌نیا فاكته‌ری جیاكه‌ره‌وه‌ی سه‌رده‌می ئیستایه، به‌ڵام پشتیوانانی سه‌رهه‌ڵدانی پۆست مۆدیرن له میژوودا له سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌ن كه ئیستا كه‌لتووریك له حالی چه‌كه‌ره كردن دایه كه له په‌راویزی كۆمه‌لگا نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كانه‌وه‌یه‌و نابیته هۆی لاواز بوونی ده‌وله‌ت ـ نه‌ته‌وه‌كان، چونكه ئامانجی ئه‌م كه‌لتووره یه‌كسانسازی نیه. له دیدی هیندی كه‌سه‌وه جیهانگیری به مانای رۆژئاوایی بوونی جیهانه‌و هیندیكی دیكه به تارای داپۆشینی باڵاده‌ستیی سه‌رمایه‌داری ده‌نرخینن. بازرگانه‌كان، جیهانگیری به تاكه ستراتیژی زیادبوونی هیزو به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان ده‌زانن‌و فه‌رمانره‌وایان به هۆكاری به‌رینتر بوونی هیزی ده‌وله‌تی له‌قه‌له‌م ده‌ده‌ن.

هیندیكیش وه‌ك ئانتۆنی گیدنزی كۆمه‌لناس، جیهانگیری له مۆدیرنیته جیاناكه‌نه‌وه. له دیدی ره‌خنه گرانه‌وه، جیهانگیری ده‌بیته هۆی له‌نیوچوونی دابونه‌ریته خۆجیی‌یه‌كان، باڵاده‌ستیی نه‌ته‌وه سامانداره‌كان به سه‌ر نه‌ته‌وه‌و ناوچه هه‌ژاره‌كانداو هه‌روه‌ها ده‌بیته هۆی له‌نیوچوونی ژینگه‌و یه‌كسان بوونی كه‌لتوورو ژیانی رۆژانه. تیئۆری "داگلاس" كه ناوی "تیئۆریی ره‌خنگرانه‌ی جیهانگیری"یه، باس له چۆنیه‌تی وزه‌ی هیزه جیهانی‌یه ئابووری، سیاسی‌و كه‌لتووری‌یه‌كان ده‌كا له دامه‌زراندنی كه‌لتووری نویی جیهانی‌دا. ئه‌م كه‌لتووره له پاڵ په‌ره‌سه‌ندنی ترسینه‌ری سه‌رمایه‌داری‌و ریكخراوه سیاسی‌یه نوی‌و فره‌ره‌گه‌زی‌یه‌كان‌و كامپیوتیرو تیكنۆلۆژیی زانیاری‌دا دیته ئاراوه. به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه ئه‌مرۆ گرنگیی په‌یدا كردوه، به‌ره‌نگاری ورده كه‌لتووره‌كانه له به‌رامبه‌ر كه‌لتووری نویی جیهانگیری‌دا. بۆ نموونه له ده‌یه‌ی ٨٠ی زایینی‌یه‌وه تا ئیستا شایه‌تی سه‌رهه‌ڵدانی دووباره‌ی ناسیونالیزم، نه‌ریتگه‌ری، سه‌له‌فیگه‌ری ئایینی به ئینتیمای جیهانگیری بووین.

قوولبوونه‌وه‌ی ناكۆكی‌یه ناوچه‌یی، كه‌لتووری‌و ئایینی‌یه‌كان له زۆربه‌ی ناوچه‌كانی جیهاندا ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌خا كه جیهانگیری‌و یه‌كسانسازی به‌و شیوه‌یه‌ی كه لایه‌نگره‌كانی هیوادار كردبووو ره‌خنه‌گرانی جیهانگیری هه‌راسان كردبوو، تا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه‌ش كاریگه‌ر نه‌بووه. كه‌واته كه‌لتوور بۆته سه‌رچاوه‌یه‌كی نوی‌و ره‌هه‌ندی گرنگی مشتومر له نیوان جیهانگیری‌و خۆجیی‌گه‌ری‌دا. كه‌لتووره خۆجیی‌یه‌كان بوونه‌ته هۆی پیكدادانی نیوان سرب، موسلمانان‌و كرۆواته‌كان، ئه‌رمه‌نی‌و ئازه‌ری‌یه‌كان، كشمیرو هیندۆسه‌كان، تامیلی‌و سریلانكایی‌یه‌كان‌و كوردو حكوومه‌ته‌كانی حاكم به سه‌ر كوردستان‌داو . . . ئه‌گه‌رچی جیهانگیری به روانگه فره‌چه‌شنه‌كانی وه‌ك: فره‌چه‌شنیی مۆدیله كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كان، دیارده كه‌لتووری‌یه‌كان، فیلمه هالیڤوودی‌یه‌كان‌و . . . گشتگیری‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تییان پیك هیناوه‌و رۆژ به رۆژ ژماره‌ی به‌كارهینه‌رانی ئامرازی پیوه‌ندی‌یه گشتی‌یه‌كان له زیاد بوون دایه، به‌ڵام له‌پاڵ هه‌موو ئه‌مانه‌شدا، ورده كه‌لتوور گه‌لیك به‌دی ده‌كرین كه له به‌رامبه‌ر به‌جیهانی بوونی كه‌لتووردا له شیوه تایبه‌ته‌كانی كه‌لتوورو كۆمه‌لگا به‌رگری ده‌كه‌ن. له‌م نیوه‌دا ده‌توانین ئاماژه به بزووتنه‌وه‌ی جووتیارانی میكزیك، بزووتنه‌وه‌كانی پیرۆ، یه‌كیه‌تیی كریكارانی فه‌رانسه، بریتانیاو ئه‌مریكاو لایه‌نگرانی ژینگه‌و بزووتنه‌وه‌كانی دیكه بكه‌ین كه له به‌رامبه‌ر به جیهانی بوونی سه‌رمایه‌و كه‌لتووردا له ماف‌و به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌كانی خۆیان به‌رگری ده‌كه‌ن. له بواری ژیانی رۆژانه‌شدا ده‌توانین ئاماژه به به‌رخۆدانی كه‌لتووریی لاوانی سه‌رانسه‌ری جیهان بكه‌ین. هه‌روه‌ها له‌م نیوه‌دا ورده كه‌لتووری ژنان، ره‌ش پیسته‌كان‌و كه‌مایه‌تی‌یه نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان به ئاسانی به‌رچاو ده‌كه‌ون.

به كورتی هه‌موو شتیك له فیركردن‌و خویندنه‌وه‌را بگره تا كه‌لتوورو سیاسه‌ت‌و ژیانی رۆژانه به خیرایی‌یه‌كی سه‌رسورهینه‌ر له حالی گۆران دایه. ئه‌وه‌ی كه ئه‌مرۆ تیئوریسیه‌نه‌كان له دیارده‌یه‌ك به ناوی "كه‌له كه‌لتوور"وه قسه‌ده‌كه‌ن، مه‌به‌ستیان كه‌لتووری تیكنۆلۆژیكه كه به‌رهه‌می چوونه ناو سه‌رده‌می تیكنۆلۆژیایه. ئه‌وان له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌ن كه ئه‌م "كه‌له كه‌لتووره" له ژیر تیشكی نیزامی جیهانی‌دا ده‌روانیته هه‌موو جیهان‌و له سه‌ر بناغه‌ی كارلیكه كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كان جیگای نه‌ژادو نه‌ته‌وه‌و جینس‌و . . . ده‌گه‌ریته‌وه‌و ئاسایی‌یه كه پیویستیی ئالوگۆر له بایه‌خه نه‌ژادی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌و جینسی‌یه‌كاندا دینیته ئاراوه. ئه‌م هۆكارانه ده‌بنه هۆی ئه‌وه كه یان كه‌لتووره نه‌ریتی‌یه‌كان هه‌ره‌س بینن‌و یان به شیوه‌یه‌ك له شیوه‌كان له‌و ره‌وته جیهانی‌یه پیشوازی بكه‌ن.

لیره‌دا ئه‌م پرسیاره روبه‌رووی ئیمه‌ی كورد ده‌بیته‌وه كه ئایا ئیمه‌ی كورد كه هیشتا نه‌گه‌یشتووینه‌ته قۆناغی سیستمی ده‌وله‌ت ـ نه‌ته‌وه، به چ شیوه‌یه‌ك ده‌توانین له به‌رامبه‌ر دیارده‌ی جیهانگیری‌دا به‌رگری له خۆمان بكه‌ین؟ ئایا له راستی‌دا به‌رگری كردن ده‌توانی واقعییه‌تی عه‌ینیی په‌یدا بكا؟

به دلنیایی‌یه‌وه ده‌توانین بلیین كه به‌رگری كردن له كه‌لتووره خۆجیی‌یه‌كان له كرده‌وه‌دا ئیمكانی نیه، چونكه تۆره‌كانی پیوه‌ندیی گشتی به چه‌شنیك په‌لوپۆیان هاویشتوه كه گه‌یشتوونه‌ته دوورترین ناوچه‌كانی جیهان‌و ده‌توانن له سه‌ر كۆنكریتترین كه‌لتووریش شوین دابنین. به‌ڵام ئه‌وه به‌و مانایه نیه كه كه‌لتووره نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان هه‌موو ده‌رگاكانیان لی داخراوه. چونكه ئه‌گه‌ر كه‌لتووره نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان به خۆیاندا بچنه‌وه‌و ئه‌و توخمانه‌ی كه له‌گه‌ڵ مۆدیرنیته‌و جیهانگیری‌دا نایه‌نه‌وه وه‌لابنین‌و توخمه پۆزیتیڤه‌كانی كه‌لتوور له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌كانی كه‌لتووری نوی‌دا بگونجینن، ده‌توانن دریژه به ژیانی خۆیان بده‌ن. له وه‌ها حاڵه‌تیكدا كه‌لتووره نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان‌و كه‌لتووری نویی جیهانی ده‌توانن بكه‌ونه دیالۆگ‌و وتوویژه‌وه. ئه‌گه‌ر كه‌لتووره نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان بتوانن به شیوه‌یه‌كی گونجاوو هاوئاهه‌نگ له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌كانی كه‌لتووری جیهانی‌دا به‌رهه‌مه كه‌لتووری‌یه‌كانیان پیشكه‌ش بكه‌ن، نه‌ته‌نیا ده‌توانن سه‌رنجی كه‌لتووری جیهانی بۆلای خۆیان رابكیشن به‌لكوو ده‌توانن ببنه به‌شیك له كه‌لتووری جیهانی. بۆیه پیویسته به‌رهه‌مه هونه‌ری‌و كه‌لتووری‌یه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی كوردیش له هیله‌ك بدرین‌و ئه‌و توخمه كه‌لتووری‌یانه‌ی كه له‌گه‌ڵ دنیاو كه‌لتووری نوی‌دا نایه‌نه‌وه وه‌لا بنرین‌و توخمه پۆزه‌تیڤه‌كانی كه‌لتوور به سه‌رنجدان به تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌كانی كه‌لتووری جیهانی ریك بخرینه‌وه‌و بتوانن له‌گه‌ڵ به‌رهه‌مه نویكانی جیهاندا دیالۆگ‌و وتوویژ ساز بكه‌ن. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ئه‌ركیكی گرنگ‌و دژوار ده‌كه‌ویته ئه‌ستۆی هونه‌رمه‌ندان‌و رۆشنبیرانی گه‌له‌كه‌مان. ئه‌ركیك كه پیویستی به ماندوو بوون‌و تیكۆشانیكی بی‌پسانه‌وه هه‌یه.

# نیگه‌رانی‌یه هاوبه‌شه‌كانی كۆماری ئیسلامی‌و عه‌ره‌بستانی سعوودی

ع. به‌هرامی

پیوه‌ندی‌یه دیپلۆماتیكی‌یه‌كانی ئیران ـ عه‌ره‌بستانی سعوودی سه‌ره‌رای ئه‌و رابردووه ئالۆزو پركیشه‌یه‌ی كه بوویه‌تی، له ماوه‌ی سی‌سالی رابردوودا و به‌دوای دیداری موحه‌ممه‌دی خاته‌می له عه‌ره‌بستانی‌سعوودی تادی به‌ره‌و باشی ده‌چی؛ به‌چه‌شنیك كه ئه‌و دوو ولاته له بواره‌كانی ناردنه ده‌ره‌وه‌ی نه‌وت، پاراستنی ئه‌منییه‌تی ریگائاوی‌یه‌كانی كه‌نداوی فارس‌و . . .هاوكاریی یه‌كدی ده‌كه‌ن.

ئه‌گه‌ر ئاسایی كردنه‌وه‌ی پیوه‌ندی‌یه‌كانی ئه‌و دوو ولاته له هه‌لومه‌رج و بارودۆخی سیاسی، ناوچه‌یی و نیونه‌ته‌وه‌یی ئه‌و كات، سه‌ره‌رای پیگه و ریزبه‌ندیی سیاسی هه‌ركام له‌و ولاتانه شتیكی چاوه‌روان نه‌كراو نه‌بوو، به‌ڵام ئیستا و له‌م قۆناغه دا كه بارودۆخیكی سیاسی تایبه‌ت به سه‌ر جیهان و به تایبه‌ت ناوچه‌كه‌دا زاڵ بووه، په‌ره‌پیدانی پیوه‌ندی‌یه‌كانی نیوان ئه‌و ولاتانه به له‌به‌ر چاو گرتنی لایه‌نه هاوبه‌ش و لیك جیاوازه‌كانی سیاسه‌تی نیوخۆیی و ده‌ره‌كیی ئه‌و ولاتانه، كاریكی نه‌گونجاو و هه‌ر له‌م كاته‌ش دا شیاوی تیرامانه. به سه‌رنجدان به‌و راستی‌یه كه ولاته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا له سیاسه‌تی ده‌ره‌كیی خۆی‌دا ستراتیژی‌یه‌كی نویی گرتۆته به‌رو له چوارچیوه‌ی ئه‌م ستراتیژی‌یه‌ش دا ده‌زگای ده‌سه‌لاتداریی ئیران له ریزی ولاتانی ته‌وه‌ری تیرۆرو ئاژاوه‌گیری دا داناوه، ئه‌و پرسیاره دیته گۆری: چۆنه عه‌ره‌بستانی سعوودی وه‌ك هاوپه‌یمانی ئه‌مریكا له ناوچه‌ی كه‌نداودا بیجگه له‌وه كه به پیی سیاسه‌ته‌كانی ئه‌مریكا ناجوولیته‌وه ته‌نانه‌ت بۆ په‌ره پیدانی پیوه‌ندی‌یه سیاسی‌یه‌كانی له گه‌ل ئیرانیش هه‌نگاو هه‌ل دینیته‌وه و جاری واشه سه‌باره‌ت به بارودۆخی ناوچه‌كه روانگه‌ی هاوبه‌شیان هه‌یه؟!

دیاره ئه‌میر سعووده‌لفه‌یسه‌ل له‌كۆتایی سه‌ردانه‌كه‌ی بۆ تاران و دوا به دوای چاوپیكه‌وتن له گه‌ل كاربه‌ده‌ستانی كۆماری ئیسلامی دا به روونی وه‌لامی ئه‌م پرسیاره‌ی دایه‌وه‌و گوتی: هه‌ر دووك ولات نیگه‌رانی هاوبه‌شمان سه‌باره‌ت به بارودۆخی ناوچه‌كه هه‌یه.

هه‌ر وه‌ك دیاره ریبه‌رانی كۆماری ئیسلامی نیگه‌رانیی خۆیان له پیوه‌ندی له گه‌ل ئالوگۆره سیاسی‌یه‌كانی ناوچه دیننه گۆری‌و به گه‌لیك شیوه پاساوی ده‌ده‌ن، ولاته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا بیجگه له هه‌لویستی پیشوی خۆی له باره‌ی ده‌سه‌لاتدارانی ئیرانه‌وه، له هه‌لویستیكی نوی دا له باره‌ی وه‌زعییه‌تی سیاسی ئیرانه‌وه پشتیوانی له ویسته دیموكراتیكی‌یه‌كانی ئیران كردوه.

له وه‌ها حاله‌تیك دایه كه ده‌سه‌لاتدارانی كۆماری ئیسلامی هه‌ر چه‌شنه ئالوگۆریك له وه‌زعییه‌تی سیاسی ناوچه‌كه‌دا به مه‌ترسی‌یه‌ك له سه‌ر ده‌سه‌لاتداری خۆیان ده‌زانن. به‌ڵام سه‌باره‌ت به عه‌ره‌بستانی سعوودی ده‌بی بگوتری ئه‌گه‌رچی ئه‌و ولاته پیوه‌ندی له‌میژینه و دۆستانه‌ی له‌گه‌ل ئه‌مریكا دا هه‌یه، له‌گه‌ل ئه‌وه‌ش‌دا چاوه‌روان ده‌كری له‌لایه‌ك له دووره‌دیمه‌نی ستراتیژی نویی ئه‌مریكا دا نه‌ك هه‌ر پیگه‌ی خۆی له ده‌ست بدا و به هۆی ئه‌و پشتگیری‌یه به‌ربلاوه‌ی له تاقمه تیرۆریستی‌یه‌كانی ناوچه‌كه‌ی كردووه، ره‌خنه‌ی لی‌بگیری و وه‌ك ولاتیكی یارمه‌تیده‌ری تیرۆریسم بناسینری و له لایه‌كی دیكه‌وه بۆ پیكهینانی ئالوگۆر له بنه‌ما سیاسی‌یه‌كانی بكه‌ویته ژیر فشاره‌وه.

به‌و پییه ده‌توانری بگوتری كه ئه‌و لایه‌نه هاوبه‌شانه كه له نیوان دوو ولات له باری سیاسی‌یه‌وه هه‌یه، نیگه‌رانیی هاوبه‌شیشی بۆ ئه‌وان پیكهیناوه. ئه‌م دوو ولاته هه‌م له باری بنه‌مای سیاسی و هه‌م له باری سیاسه‌تی ده‌ره‌كی‌یه‌وه تاراده‌یه‌ك لیكده‌چن(بنه‌مای سیاسی ئوتۆكراتیك و سیاسه‌تی پشتیوانی له تاقمه بناژۆیه ئیسلامی‌یه‌كان كه ناوبانگی گه‌وره‌ترین تاقمه تیرۆریستی‌یه‌كانیان پی‌براوه). كه‌واته هه‌روه‌ك ده‌بینری هه‌م له ئاستی نیوخۆیی و هه‌م له ئاستی ده‌ره‌كی دا فشاری وه‌ك یه‌ك به‌كه‌م و زۆریی جیاوازه‌وه بكه‌ویته سه‌ر سیستمی سیاسی هه‌ركام له‌م دوو ولاته. له‌م حاله‌دا ده‌كری بلیین ئه‌و دوو ولاته له دراوسی‌یه‌تیی یه‌كدیش هه‌لكه‌وتوون و یه‌كیك له‌وان خۆی به مجیور(خادم)ی شوینه پیرۆزه‌كانی موسلمانان و ئه‌وه‌ی دیكه‌یان خۆی به ئالاهه‌لگری ناردنه‌ده‌ره‌وه‌ی شۆرشی ئیسلامی ده‌زانی، له هه‌ر چه‌شنه ئالوگۆریكی چاوه‌روانكراو یا چاوه‌رواننه‌كراو كه ناوچه‌كه بگه‌ریته‌وه نیگه‌رانی هاوبه‌شیان هه‌بی.

دوا قسه ئه‌وه‌یه كه ئیستا وله‌م هه‌لومه‌رجه دا كه هه‌موو رۆژی چاوه‌روان ده‌كری ئالوگۆریكی به‌ربلاو ناوچه‌كه و به شوین ئه‌ویش دا ولاتانی ناوچه بگریته‌وه، شتیكی ئاسایی‌یه كه ده‌سه‌لاتدارانی ئه‌و جۆره ده‌وله‌تانه بشله‌ژین و هه‌ست به نیگه‌رانی بكه‌ن؛ دیاره نه‌ك نیگه‌رانبوون له داهاتووی ئه‌و خه‌لكه‌ی له‌ژیر ده‌سه‌لاتیان دایه به‌لكو بۆ داهاتوی ده‌سه‌لاتداری‌یه‌كه‌یان.

ꙮꙮꙮ

# هەواڵەکانی ئێرانو جیهان

ئامادە کردنی:شۆڕش

**بەشێکی زۆری زیندانەکانی ئێران پڕن لە موعتاد**

ئامـــاری دەوڵـــەتی ئـــێران دەریخستوە کە ٢/٥ میلیون کـەس لە حەشیمەتی ئێران موعتـادنو لـە نیو موعتادەکـانیشدا ٣٠٠ هـەزار کەس "تەزریقی"ن کـە ٧٠٪ی ئـەو کەسانە هەڵگری ڤیرووسـی ئـەیدزن. بەرپرسانی رەسمیی ئێران پێیان وایـە کـە ٦٥٪ی هـەڵگرانی ئـەیدز لـە ئێراندا بە هۆی ئیعتیادەوەیە. بـەڵام سـەرۆکی کـانوونی "هیموفیلـی" دەڵـێ: ٨٥٪ی هۆکـاری پـەرەگرتنی ڤیرووسی ئەیدز لە ڕێگـای پێوەنـدی جینسییەوەیە. کارناسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە بە سەرنجدان بـە قـەیرانی لەشفرۆشـی لـە ئـێراندا چـاوەڕوان دەکرێ، ژمارەی تووشبوان بە ئـەیدز بگاتە میلیۆنان کەس.

**عیراق هێرش دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا**

عـیراق جـارێکیتر بـە توندی هەڕەشـەی لـە ئـەمریکا کـرد، کـە ئەگەر بێتو ئەمریکا بیەوێ هـێرش بکاتـە سـەر خـاکی عـیراق، بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکا لـە نێوخۆو سەرتاسەری جیهاندا دەداتە بـەر پـەلاماریکی بێوێنـە. "تـەها یاسـین ڕەمـەزان" جێگـری سـەرۆك کۆماری عیراق شەوی ٢٥ی گـەلاوێژ لە وتووێژێـکدا کـە لـە تەلـەڤزیۆنی "ابوظبـی"یـەوە بـڵاو بـووەوە، ڕایگەیاند: ئەگەر ئەمریکا نەفامانە بجوولێتەوە، عیراق پـەلامار دەباتـە سەر بەرژەوەندییەکانی لـە جیـهانو بە تایبەت لە نێوخۆی ئەمریکادا.

**"حەکیم" خۆیو ڕێکخراوەکەی لە ئێران دوور دەخاتەوە**

ئایەتوڵڵا محەممەد بـاقر حـەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، سـەرەڕای ئـەوەی ڕێکخراوەکەیو هێزە نیزامییەکـەی ناسـراو بـە "سـوپای بـەدر" دەستپەروەردەی حکوومەتی ئێرانـە، ئێستا کە ئەگەری هێرشـی نیزامی ئەمریکا بۆ سەر عـیراق ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە زیـاد بـوون دایـە، خـۆیو ڕێکخراوەکـەی لـە بەسـتراوەیی بـە ئـێران دوور دەخاتـەوە. نـاوبراو لـە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامـەی ئاڵمـانی "دی ڤێلت"دا ڕایگەیاند: مەجلیسی ئـەعلای شۆڕشـی ئیسـلامی بـۆ نزیکبوونـەوەو هاوکـاری لەگـەڵ ئـەمریکا بـۆ ڕووخـاندنی ڕژێمـی سەددام هیچ بەربەسـتێك بـۆ خـۆی دانانێ.

**ئێران ناوەندی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە**

شیمۆن پێرێز، وەزیری کاروبـاری دەرەوەی ئیسرائیلو جێگری سـەرۆك وەزیری ئەو وڵاتە ڕۆژی ٢٩ی ژووئیە لـە کۆنفرانسـیکی خەبـەری لـە پاریسدا ڕایگەیاند: "ئێران نـاوەندی تیرۆریزمـە لـە ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتدا. ئـێران خـاوەنی حکوومەتێکە کە توندوتیژیو تـیرۆر پەرە پێ دەداو پاساو بۆ ئەم چەشـنە کردەوانـەی خۆی دێنێتـەوە. ئـەوە حکوومـەتی ئێسـتای ئێرانـە کـە یارمەتیی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان، جیهادی ئیسلامیو حەماس داو پارەو چەكو تەقەمـەنیان بـۆ دەنـێرێ. هەڵوێستی ئێمـە لـە بەرامبـەر ئـێراندا ڕوونو ئاشـکرایە، ئێمە بۆ هەموو ئەو قسانەمان بەڵگەو گرۆڤـــەی بـــاوەڕپێکراوو حاشاهەڵنەگرمان هەیە."

**ترس لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدرالی لە عیراقدا**

"حسێن کفریك ئۆغلـو" سـەرۆکی ئەرکانی سـوپای تورکیـە، لـە دوایـین چاوپێکەوتنی لەگەڵ (پاول ولفویـتز)ی جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا وتی: ئەگەر لە کاتی هێرشی ئـەمریکا بۆ سەر عیراق، کوردەکـان دەسـت بـە سـەر کـەرکووکدا بگـرن، ئـەوا ئێمـە دەستە وەستان ناوەسـتینو هێزەکانمـان بەرەو ئەو ناوچەیە دەبەین. ناوبراو لـە درێژەی قسـەکانیدا نیگـەرانیی خـۆی لـەم بابەتـەوە بـەم جـۆرە دەربـڕی؛ "ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیە نیگـەرانی ئەوەیە کە گوایە ئەمریکا بە نیازە لـە دوای ڕووخـاندنی ڕژێمـی بـەغدا، دەوڵـەتێکی فیدرالـی بـۆ کوردەکـانی عیراق دابمەزرێنێ."

**دژکردەوەی حیزبی ڕاستی تورکیە لە بەرامبەر ئیسلاحاتی پارلماندا**

حیزبی "باغچەلی" واتـە حـیزبی حەرەکەتی میللی کە خاوەنی زۆرتریـن کورسی لە پارلمانی تورکیایـە، زۆر بـە توندی دژایەتیی خۆی لەگەڵ دوو خـاڵ لە ئیسلاحاتی پەسند کراو لە پارلمـانی تورکیەدا دەربڕیوە. یەکێك لەو خاڵانـە نـەمانی حوکمی ئیعدام لـە کـاتی جێگیربوونی ئاشتیو ئارامیداو ئـەوی دیکـەیان لابردنـی بەربەسـتەکانی خوێندنو بڵاوکردنـەوەی بەرنامـەی ڕادیـۆو تەلـەڤزیۆنی بـە زمـانی کوردییە. بـە بۆچوونـی "باغچـەلی" نـەمانی حوکمـی ئیعدام بـە مانـای حوکمی بەخشینی ئۆجەلانو لابردنـی بەربەستەکانی خوێندنو بڵاوبوونـەوەی بەرنامە بە زمانی کوردییـەو ئـەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسیی لە سەر ئەمنییەتو یەکپارچـەیی خـاکی تورکیا.

**نازانین لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا چ شتێک مافی بڵاو بوونەوەی هەیە**

ئەحمەدی زەید ئابادی وتی: نازانین لـە ڕۆژنامـەکانی ئـێراندا چ شـتێك مـافی بـڵاو بوونـەوەی هەیـەو ڕۆژنامەنووس نازانێ چ بنووسێ کە بە تووشی زیندان نەبێ. هەروەها نـاوبراو لە درێژەی قسـەکانی لـە کۆبوونـەوەی زانسـتیی ئەنجومـەنی سـینفی ڕۆژنامەنووسـانـدا وتـــی: ڕۆژنامەنووسانی ئێران بەردەوام لەگـەڵ دڵەڕاوکێدا دەسـتەو یەخـەن، چونکـە هەر دەم ئەو مەترسـییەیان لـە سـەرە کـە ڕۆژنامەکـەیان بـە هـۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك داخرێ یان بـۆ خۆیان بانگ کرێنە دادگا.

زەیدئابادی هەروەها وتی: ئێسـتا کۆمەڵانی خەڵك لە ڕۆژنامەکان هیـوا بڕاو بوون، چونکە ڕۆژنامەکان نـاتوانن نوێنگەی ویستو داخوازەکانیان بن.

**داخرانی زیاتر لە ٨٢ ڕۆژنامەو بڵاو کراوە لە ماوەی ٣ ساڵدا**

"ماشـــاءالله شمس‌الواعظـــین" وتەبێژی داکۆکی لە ئازادیی چاپەمەنی لـە ئـێران ڕایگـەیاند: زیـاتر لـە ٨٢ بڵاوکراوە لە ماوەی ٣ سـالی ڕابـردوو لە ئێراندا داخراونو هـەروەها ١٨٠٠ ڕۆژنامـەنووس، وێنـەگرو هـەواڵنێر کاری خۆیان لە دەست داوە. هـەروەها ناوبراو وتی دانی ئیمتیازی دەرکردنـی بڵاوکراوە لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوە ناقوونییە. یاسای بنـەرەتی، ئـازادیی چاپەمـەنیو دەسـت ڕاگەیشـتنی هەمووان بە زانیاری بە مافی ئاشکرای هاووڵاتییەکانی خۆی زانیوەو گۆڕینـی ئەو مافە بە ئیمتیـازێك، ئـەویش بـۆ کەسانێك کە تەنانەت ڕۆژنامەنووسیش نین، بە پێچەوانەی یاسای بنەرەتییە.

**بەیاننامەی "بسیج" بە دژی ئەمریکا**

چەند حەوتوو دوای ئەوەی سـوپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی لە نـەیارانو نارازییـانو ڕەخنـەگرانی ڕژێم کردو ڕایگەیاند کـە بـە توندی سـەرکوتیان دەکـا، تەشـکیلاتی "بەسـیج"یـش لـە ڕاگەیـەندراوێکی وێکچوودا ڕایگەیاند: "ئێمە ئامادەیی خۆمـان بـۆ سـەرکوتی پیلانـەکانی ئەمریکای جینایەتکارو تێك شکاندنو کوێر کردنی چاوی ئەو فریوخواردوانەی ئاژاوە دەنێنەوە، ڕادەگەیەنین."

لە بەشێکیتر لـە بەیاننامەکـەدا هـاتوە: ئێمـە بەسـیجییەکان وێـرای سـوپای پاسـداران بـۆ پاراسـتنی شۆڕ شو دەسـکەوتەکانی شـۆڕش تـا بـەخت کردنـی گیانمـان فیداکـاری دەکەین.

**هێرشی "انصارالاسلام" بۆ سەر هەڵەبجە**

لە درێـژەی کـردەوە تێرۆریسـتیو دژە ئینسـانییەکانی گرووپـی "انصارالاسـلام"دا، شـەوی ٢٢ی گـەلاوێژ هـێزێکی سـەر بـەم تاقمـە هێرشیان کـردە سـەر بنکـەی ئـاگر کوژێنـەوەو وێسـتگەی کارەبـای هەڵەبجەو بە هۆی کـەڵك وەرگرتـن لـە چەکی نیوە قورس توانییـان زیـانێکی زۆر بـە وێستگەی کارەبـای هەڵەبجـە بگەیـەننو لـە کـاری بخـەن، بـەڵام هێزەکـانی یەکیـەتیی نیشـتمانی نەیانهێشـت هێزەکـانی گرووپـی "انصارالاسلام" کۆنترۆڵی ئەو شوێنانە بگرنە دەستو لە شار ڕاویان نان.

**داخرانی ڕۆژنامەی "روز نو" پێش لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی**

دەزگای قەزایی ئـێران دەسـتووری دا ڕۆژنامـەی "روز نـو" پێـش لـە دەرچوونـی یەکـەم ژمـارەی داخـرێ. ئـەویش تـەنیا لەبـەر ئـەوەی گومـان دەکرا "روز نو" لە جێی "نوروز" بێ. هەرچەند وشەکانو پیتەکانی ناوی ئەو دوو ڕۆژنامەیە بە قەد یەكو وێکچـوو بوون، بەڵام بڵاوبوونەوەی پێش ژمارەو ژمارە سـیفری "روز نـو" بـە ڕوونـی دەریخستبوو کـە لەگـەڵ "نـوروز"دا جیاوازی هەیە.


**داوای بەشێك لە سناتۆرەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا**

بەشێکی زۆر لـە یاسا دانـەرانی دیموکراتو کۆمـاریخوازی مەجلیسـی سـنای ئـەمریکا ڕایانگـەیاند، لـە کۆنگرەی ئـەو وڵاتـە داوا دەکـەن بـۆ گۆڕینـی ڕژێمـی ئـێران لـەو وڵاتـەدا دەست بە کار بـێ. بـە بۆچوونـی ئـەو یاسـا دانـــەرە ئەمریکاییانـــە، حکوومەتو دەسەڵاتی ئێستای ئـێران لـە کیشـەی دژی تـیرۆریزم بـە هەڕەشـەیەکی یەکسـانو تەنانـەت گـەورەتر لـە عـیراق دەژمـێردرێ. سناتۆرە دیموکـراتو کۆماریخوازەکـان ڕایانگەیاند لە شـەری جیـهانی دژ بـە شیرپەنجەی تێرۆریزم دەبێ حکوومـەتی ئێران مەبەستی دواجاری ئەو گەڵاڵەیە بێ.



**گەڵاڵەی هێرشی نیزامیی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندی ئەتۆمیی بوشەهر**

هەرچـەندە کـاتی وەبـەر هـاتنی نـاوەندی ئـەتۆمیی بوشـەهر نزیـك دەبێتەوە، بـەو پێیـەش مشـتومڕی وڵاتـانی ئـەمریکاو ئیسـرائیل بـۆ بەرەنگار بوون لە وەکار کەوتنی ئـەم ناوەندە زیاتر دەبێتەوە. "واشـنگتۆن پۆسـت" لـە تـاووتوێ کردنـی ئـەو مەسەلەیەدا دەنووسێ: بووش ئێرانی وەك بەشێك لە تەوەری شەڕو ئـاژاوە ناساندوەو هێندێـك لـە بەرپرسـانی وەزارەتـی بـەرگریی ئـەمریکا لـەو بـاوەڕە دان کـە نـاوەندی ئـەتۆمیی بوشەهر پێش ئەوەی بکەوێتـە کـار، دەبێ لـە بـەین بچـێ. گـەرچی لایـەنگرانی گەڵاڵـەی هـێرش بـە نـاوەندی ئـەتۆمیی بوشـەهر لـە کەمایـەتی دان، بـەڵام ئیسـرائیل ڕایگەیاندوە کە نایەڵێ ئەو نـاوەندە وەکـار کـەوێ. تەنانـەت ئەگـەر پێویست بێ هێرشـێکی توندی نیزامی دەکرێتە سەر ئەو ناوەندە.



**"ئەلقاعیدە" داڕێژەری گەڵاڵەی تیرۆری کارزای**

بەرپرسـێکی ئەمنییـەتی دەوڵـەتی ئەفغانستان ڕایگـەیاند: یـەکێك لـەو دوو کەسـانەی وا دەیانەویست ڕێبـەرانی پایەبـەرزی دەوڵـەت تـیرۆر بکـەنو ئێسـتا دەستبەسـەر کـراون، بیـانیو لـە ئەندامانی ئەلقاعیدەیە.

"امـرالله صـالح" بەرپرسـی تەشـکیلاتی ئەمنییـەتی دەوڵـەتی ئەفغانسـتان ڕایگـەیاند کـە ئـەو کەسـە بـە ٢٠٠ کیلـۆ مـەوادی تەقینـەوەوە دەستبەرسـەر کـراوەو خۆشی ئیعترافی کردوە کە لە لایـەن ئەلقاعیدەوە پێی ئەسـپێردراوە کـە حامید کارزای، سـەرۆکی دەوڵـەتی کـاتیی ئەفغانسـتان لـە عەمـەلیاتێکی خۆکـوژیدا تـیرۆر بکـا. ئـەو هـەروەها لـە درێـژەی قسـەکانیدا ئاشـکرای کـرد کـە دارشتنی ئـەم پیلانـە لـە لایـەن ئـەلقاعیدەو حـیزبی ئیسـلامیی گولبەدین حیکمەتیارەوە بە شـێوەی هاوبەش داڕێژراوە.

**زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لایەنگری وتووێژ دەگەڵ ئەمریکان**

لە دوو ڕاپرسیی لێك جیـاوازدا کە دوو وەزارەتی ئیرشادو ئیتلاعات لـەم دواییانـەدا ئـەنجامیان داون، دەردەکەوێ کە زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵکی ئـێران لایـەنگری وتووێـژی ئـێران لەگـەڵ ئـەمریکان. ئـەو دوو ڕاپرسـییە کـە لـە سـەر داوای کۆمیسـیۆنی ئەمنییـەتی میللـی ئەنجام دراون، دەری دەخەن کە ٧١٪ تا ٧٨٪ی خەڵکی ئـێران خوازیـاری وتوویـژ لەگـەڵ ئـەمریکان. نێـوان ٦٥٪ تـا ٧٠٪یـان وتوویـژ لەگـەڵ ئـەمریکایان بـە خـۆ بـە چـووك ئـەژماردن دانـاوە، تـەنیا ٢٦٪ی خەڵك ئەمریکایان بـە خۆشەویست زانیوە. زیاتر لە ٧٥٪ی ئەمریکایان بە ڕووڕاست لەگـەڵ خـەڵکی ئـێران دانەناوە.

**لێکۆڵینەوە لەسەر ٥٠٠ دامەزراوە بە تاوانی دابینکردنی خەرجی تیرۆریزم لە ئەمریکا**

ڕۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست"، ڕۆژی ١٢ی ئووت بڵاوی کردەوە کـە حکوومـەتی ئـەمریکا لـە چالاکییـەکانی پـتر لـە ٥٠٠ دامـەزراوەی بازرگـانی بچـووك دەکۆڵێتـەوە کـە موسـڵمانانو عەرەبـەکان لـە ئـەمریکا بـەڕێوەی دەبەنو گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ خـەرجیی تاقمـە تیرۆریسـتییەکان دابین بکەن. زۆرتری ئەو دامەزراوانە خواردەمـەنیی ئامـادە دەفرۆشـنو حکوومەتی ئەمریکا پێی وایـە لـەو دامەزراوانە ساڵانە دەیان میلیـۆن دوڵار کـۆ دەکرێتـەوەو بـۆ تاقمـە تیرۆریستییەکان بەرێ دەکرێ.

**تەنیا لە حەوتوویـەکدا ٤٨٩ لاوی کوردی عیراقی سنووردراش کرانەوە**

ڕیـژەی کۆچـی کوردەکـان بـە تایبـەت کوردەکـانی کوردسـتانی عیراق بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە زیـاد بـوون دایـە. ئـەو ڕاستییە کاتێك باشـتر خـۆی وەدەر دەخا کە سـەرچاوەیەکی هـەواڵ لـە ئاسایشی هـەولێر ڕایگـەیاندوە کـە تەنیا لە ماوەی حەوتووی ڕابـردوودا (١٣ی ئووت) ٤٨٩ لاوی کورد کـە خـەڵکی شـارەکانی هـەولێرو سلێمانیو دهۆكو کـەرکووك بـوون، سنووردراش کراونەتەوە.

**کەسوکاری قوربانییانی کارەساتی ١١ی سێپتامبر داوای غەرامەت دەکەن**

زیاتر لە ٩٠٠ کەس لـە کەسـوکاری قوربانییـانی هێرشـەکانی ١١ی سێپتامبر داوایـەکی حوقووقـیو مـەدەنییان بـە دژی دەوڵـەتی سـوودانو چـەند شـازادەیەکی سـعوودیو هەشـت ڕێکخـراوی خێرخوازی ئیسلامیو حەوت بـانکی نێونەتەوەییو چەند لایـەنێکیتر بـە تۆمەتی یارمەتیدان بـە ڕێکخـراوی تێرۆریستیی "القـاعیدە" ئامـادە کـردوە. داواکاریی ئـەو کەسـانە قەرەبوو کردنـەوەی زیانـەکانی ئـەو کارەسـاتە بـە بـڕی یـەك ترلیـۆن دۆلارە. ئـەو داوایـە دادگایـە پێشکەشـی دادگـای فیدرالیـی واشنگتۆن کراوە.

**بنلادن خۆی فەرمانی کوشتنی ئەحمەد شا مەسعوودی دابوو**

یەکێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی پێشووی دەوڵەتی تالیبان ئاشـکرای کرد، ئۆسامە بنلادن چەند ڕۆژ پێش لە ڕووداوی ١١ی سـێپتامبر، خـۆی دەسـتووری کوشـتنی ئەحـمەد شـا مەسـعوودی دەرکردبـوو. ئـەوە یەکەمجارە کە یەکێك لـە بەرپرسـانی تالیبـان پـەردە لـە سـەر کـردەوە تێرۆریسـتییەکانی ڕێکخراوەکـەیان لادەدا.

**ئێران چەند ئەندامی ئەلقاعیدەی تەحویلی عەرەبستان دایەوە**

"امیر سعودالفیصل"، وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی عەرەبسـتان لـە وتووێژ دەگەڵ ڕۆژنامـەی "واشـنگتۆن پۆسـت"دا ڕایگـەیاند؛ ئـێران ١٦ ئەندامی تۆڕی ئەلقاعیدەی کـە لـە دوای شـەڕی ئەفغانسـتان بـۆ ئـەو وڵاتە پەناهـەندە ببـوون، تـەحویلی عەرەبستانی سعوودی داوەتەوە. ئەو ١٦ کەسە هـاووڵاتیی عەرەبسـتانی سعوودی بـوون. بـەڵام بـووش ئـەو کردەوەیـەی ئـێرانی بـە هێنـد نەگرتوەو ڕایگەیاندوە کە ئـێران نـە تـەنیا لـە تاقمـە توندڕەوەکـانی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاست پشـتیوانی دەکا، بەڵکوو بـەردەوام لـە هـەوڵی سـازکردنی چەکـە کۆمـەڵکوژەکان دایە، جا بۆیە ناکرێ ئەو کردەوەیەی ئـێران بـە کردەوەیـەکی دژی تیرۆریستی دابندرێ.

**هەڵاتنی مێشکەکان، یەك لە سێی سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆی وڵاتەکان دەگوێزێتەوە**

٥٦٪ی ئێرانیـانی نیشـتەجێی ئـەمریکا خـاوەنی بەڵگەنامـەی زانستیو پسپۆڕین، ئەو نیسبەتە بۆ ئەمریکاییـەکان ٣٠٪ە. هـەروەها ٥/١٪ ئێرانییـەکانی نیشـتەجێی ئەمریکا دوکتورایان هەیە کـە ئـەو نیسبەتە بۆ ئەمریکاییەکان تـەنیا ٨٪ە. بـە پێـی ئامـارێك کـە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ کێشـەی کـۆچ لـە دنیـادا بـڵاو کراوەتـەوە، ٢ تـا ٣ میلیۆن کەس لە ساڵدا بـە شـێوەی قانوونیو ناقانوونی لـە وڵاتـانی لـە حـالی گەشـەدا بـەرەوە وڵاتـانی سەنعەتیو پێشکەوتوو کۆچ دەکەن.

⌘⌘⌘

# توركیەو هەولێك بۆ بوون بەئەندام لە یەكیەتی ئورووپادا

**میلاد**

لەم دوایانەدا پارلمانی توركیە لە ژێر گوشاری یەكیەتیی ئورووپاو بە مەبەستی ڕێگا خۆش كردنی بۆ ئەندامەتیی لەو یەكیەتییەدا كە مەسەلەیەكی گرینگو ئەساسی توركیەیە، ملكەج بوونی خۆی لە مەر چاكسازییو پێداچوونەوە بە چواردە ماددەی یاسایی ئەو وڵاتەدا ڕاگەیاندو لە كۆبوونەوەیەكی ١٦ سەعاتەدا كۆمەڵێك چاكسازی لە یاساكانی وڵاتدا پێك هێنا. گرینگترین ئەم چاكسازییانە بریتین لە: نەهێشتنی حوكمی ئیعدام، ئازادیی ڕاگەیاندن بە زمانەكانی دیكەی خەڵكی توركیەو خوێندن بە زمانەكانی دیكەی وڵات (زمانی دایك).

ئاكامی دەنگدان بەم چەند برگە ئیسلاحییە بەمشێوەیە بوو:

١ـ لابردنی سزای ئیعدام بۆ هەموو تاوانەكان جگە لە تاوانەكانی شەر بە ٢٥٦ دەنگی موافیق لە بەرامبەر ١٦٢ دەنگی موخالیفدا.

٢ـ ڕێگەدان بە پیادە كردنی ڕاگەیاندن بە زمانەكانی دیكەی خەڵكی توركیە، بە ٢٦٧ دەنگی موافیق لە بەرامبەر ١١٤ دەنگی موخالیفدا.

٣ـ ڕێگەدان بە خوێندن بە زمانی گەلانی دیكەی ئەو وڵاتە (زمانی دایك) بە ٢٣٥ دەنگی موافیق لە بەرامبەر ١١٣ دەنگی موخالیف.

پرۆسەی چاكسازیی ئەم چەند ماددەیە، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دژایەتیی توندی ناسیونالیستە توندڕەوەكانی توركیەو بەشێك لە ئیسلامییەكانی نێو پارلمان بەرەوڕوو بوو. پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (MHP) كە پارێزەرو هەڵگری گوتاری شۆڤینیستی لە توركیە دایەو لە كاتی گیرانی ئوجەلاندا خوازیاری ئیعدامی ناوبراو بوو لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەم چاكسازییانەدا دژایەتی هەیە. یەكێك لە ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە پێوەندیی لەگەڵ هەڵگرتنی سزای ئیعدامدا گوتی: "ئەم چاكسازییانە ڕێگا خۆش دەكەن كە سبەینیش عەبدوڵڵا ئوجەلانی تیرۆریست وەك نوێنەر بێتە پارلمانو لە تەنیشت ئێمەدا دابنیشێ". چەند نوێنەرێكی گرووپە ئیسلامییەكانیش لە پارلماندا هەڵگرتنی سزای ئیعدامیان بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام لە قەڵەمداو دەنگیان بە مانەوەی حوكمی ئیعدامدا.

خراپ نیە بزانین تانسۆچیلیر سەرۆكی پارتی ڕێگای ڕاست، ئەجەوید سەرۆكی پارتی چەپی دیمۆكرات، مەسعوود یەلماز سەرۆكی پارتی نیشتمانی دایكو ئیسماعیل جەم سەرۆكی پارتی توركیەی نوێ موخالیفەتی خۆیان سەبارەت بە لابردنی حوكمی ئیعدام نیشان داو دەنگی پێچەوانەیان دا.

بەو حاڵەش نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو ون بێ كە چاكسازیی یاسایی لە توركیەو ئەویش لە سەر ١٤ ماددەی پێشنیار كراو لە ژێر فشاری یەكیەتی ئورووپادا تەنیا دەتوانێ سەرەتایەك بێ بۆ لەبەرچاو گرتنی واقعییەتەكانی ئەورۆی توركیە لە لایەن حكوومەتی ئەم وڵاتەوە. چونكە ئەم هەوڵە نوێیەی پارلمان پێش ئەوەی دەرەنجامی تێگەیشتنی سروشتی پارلمانتیرەكان لە واقیعی ڕووخاوو شپرزی وڵاتدا بێ، دانی ئیمتیازێك بە یەكیەتی ئورووپایە بۆ ئەندام بوونی توركیە لەو ڕێكخراوەدا. كەواتە تا ئێرە دەكرێ بڵێین كە توركیە لەو ڕاستییە گەیشتووە كە وڵاتێكی ئارامو بە دوور لە كێشە نێوخۆییەكان، وڵاتێك كە باوەری بە مافەكانی تاكو كۆو بنەماكانی مافی مرۆڤو دیمۆكراسی هەبێ، بۆ یەكیەتیی ئورووپا لە ئەولەویەت دایە تاكوو وەرگرتنی ئەندامێكی نەخۆشو كێشە خولقێن لەو ڕێكخراوەدا.

لە ڕاستیدا هەولدان بۆ پێداچوونەوە بە یاسا شۆڤینیستییەكانی توركیەو بە واقیع كردنی ئەو دەسكەوتانە، جیا لەوەی كە دەرگا داخراوەكانی یەكیەتیی ئورووپا بە ڕووی توركیەدا ئاواڵە دەكاو سیمایەكی دیكەو نوێ لەو وڵاتە پێشان دەدا، لە نێوخۆی وڵاتیشدا دەبێتە میكانیزمێكی بەهێز بۆ ئیعتراف كردنو ڕەسمییەت دان بە جیاوازییە میللیو فەرهەنگییەكانی ئەم وڵاتەو لە هەموو گرنگتر ئیعتراف كردن بە بوونی میلیونان كورد لەو وڵاتەیە كە پتر لە ٧٠ ساڵی ڕەبەقە لە لایەن حكوومەتی ئەو وڵاتەوە حاشایان لێدەكرێ. كەواتە هەرچەند ئیستاشی لەگەڵدابێ هیچ یاسایەكی تورك ئیعترافی بە بوونی كوردان لەو وڵاتەدا نەكردوە، بەڵام ئەم چاكسازییانە دەتوانێ سەرەتایەك بن بۆ لاكردنەوە لە كوردەكان. هەر بۆیە كوردەكان بە پشت بەستن بەم چەند برگەیە دەتوانن خوازیاری خوێندنو نووسین بە زمانی كوردی بن.

بەو حاڵەش دەوڵەتی تورك دەبێ زۆر واقعییەتی تاڵی دیكە كە بۆ خۆی پێكهێنەری بووە لەبەرچاو بگرێو هەوڵی سڕینەوەیان بدا. ٧٠ ساڵ چەوساندنەوەی بێبەزەییانە لەهەمان كاتدا كە كۆمەڵێك یاسای توندڕەوانەی بە دیاری هێناوە هاوكاتیش لە شكڵ گرتنی عەقلیەتێكی دژ بە كورد لەو وڵاتەدا ڕۆڵی بناخەیی بووە. كەواتە یاسا پەسند كراوەكانی تورك تەنیا بەشێكن لە سەرچاوەی ئەو كێشانەی كە بەرۆكی توركیەیەكان گرتوە. دەوڵەتی تورك جیا لە هەڵوەشانەوەی یاسا كێشە خولقێنەكانی دەبێ چاوێك بە سیستەمی ئامووزشیی وڵاتدا بخشێنێو لە لایەكی دیكەشەوە بیروڕای گشتیی خەڵكی تورك بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی كە جیا لەوان میللەتێكی دیكە بە فەرهەنگو زمانی جیاواز لەوان لەو وڵاتەدا دەژین. گومانی تێدا نیە كە سیستەمی ئامووزشیی توركو یاساكانی ئەو وڵاتە عەقلیەتێكی چەوتی یەكگرتووی توركییان لە بەرامبەر كوردەكاندا پێك هێناوە. بە دیوێكی دیكەدا دەتوانین بڵێین كە بیرۆكەی پان توركیسم تەنیا لە چوارچێوەی ساختاری دەوڵەتی تورك كورت نەكراوەتەوە، بەڵكوو سیستەمی تەك ڕەهەندی بارهێنانی ئەو وڵاتەو بڵیندگۆ تەبلیغاتییەكانی تورك، نەسلێكی بە بیرۆكەیەكی یەك دەست بە نیسبەت كوردەكان بارهێناوە. بۆ ئیسباتی ئەم ئیددیعایەش ئەوەندە بەسە كە چاوێك بە ڕووداوەكانی ئەم دوایانەی توركیە لە كاتی گیرانی ئوجەلاندا بخشێنین كە زۆربەی خەڵكی تورك خوازیاری ئیعدامی ناوبراو بوون.

هەر بۆیە دەوڵەتی تورك بۆ پێكهێنانی وڵاتێكی پڕ لە خۆشەویستیو پێكەوە ژیانی فرەنەتەوەییو فەرهەنگیی ڕێگایەكی دووروودرێژی لەپێشە. ٧٠ ساڵ ئاسەوارەكانی پان توركیسم ئەگەر لە سەرخاندا سیمایەكی بە ڕواڵەت لائیكی لەو وڵاتەدا پێشان داوە لە ژێرخاندا بۆتە هۆی داتەپینی بناخە فیكرییەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتییانە لە توركیەدا.

كەواتە هەروەك ئاماژەی پێكرا ئەو چاكسازییانە دەتوانن هەنگاوێكی گرنگ بن بۆ ئیعتراف كردن بە واقیعی ئەورۆی توركیە. بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا نابێ لەبیرمان بچێ كە زۆرن ئەو حكوومەتانەی ـ وەك كۆماری ئیسلامی ـ لە ڕووی یاساییەوە فرەنەتەوەییو فەرهەنگیی بوونی وڵاتیان پەسند كردوە، بەڵام بەكردەوە هیچ هەنگاوێك بۆ ڕەسمییەت دان بەم جیاوازییانەو ڕێزلێنانیان هەڵ نەهێنراونەتەوە.

⌘⌘⌘

# "ڕێژیم ناتوانی جینایەتەكانی خوی بە ئەستوی خەلكی دابڕی"

**ع.بداغی**

ڕێژیمی كوماری ئیسلامی لە پیلانیكی تازەی دوژمنایەتی لەگەل جووڵانەوەی گەلی كورد لە كوردستانی ئیران دا، لە ڕێگەی دامودەزگا سەركوتكەرەكانییەوە هەول دەدا، بە فشار هینان و بە تەماح وەبەرنانی ئەو بنەمالانەی كە كەسیك یا كەسانیكیان لە ماوەی بیست و سی سال دەسەڵاتداریی كوماری ئیسلامی لە كوردستان دا كوژراون، بە پر كردنەوەی فورمیك لە لایەن ژمارەیەك لەو بنەماڵانەوە كە فریوی ڕێژیمیان خواردوەو خوینی پاكی شەهیدانیان فروشتوە،تاوانی ئەم جینایەتانە بخاتە پال حیزبی دیموكرات وخوی لەوجینایەتانە بشواتەوە. دیارە زوربەی هەرە زوری ئەو بنەماڵە بەریزانە لە داوی پیلانی ڕێژیم نەكەوتون و تەسلیمی فشاری ڕێژیم نەبوون كە لە جیی خوی دا جیگای خوشحالی یە. بە لام لە بەرامبەر ئەو ژمارە كەمەی كە فریوی ڕێژیمیان خواردوە و تەسلیمی فشاری دەزگا سەركوتكەرەكانی بوون، جیگای داخ ولە هەمان كاتیش دا سەركونەیە.

كی هەیە كە نەزانی ڕێژیمی كوماری ئیسلامی دوژمنی سویندخواردوی گەلی كوردە و بو بەربەرەكانی لە گەل ئەم گەلە مافخوازە لە ماوەی بیست و سی سال دەسەلاتدارەتیی خوی دا لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتیك نە پرینگاوەتەوە. فتوا بەدناوەكەی خومەینی دژ بە گەلی كورد، جینایەتەكانی خەلخالی لە كوردستان و ئیعدامی بە كومەلی لاوان و شورشگیرانی كورد، داسەپاندنی شەریكی نارەوا و نا بەرامبەر و قەلاچوكردنی خەلكی بیدیفاع و بی دەرەتانی كوردستان بەتایبەتی ئاواییەكانی قارنی، قەلاتان، سەوزی، خەتایی، سەرچنار، قەرەگول، ئیندرقاش و هتد، شتیك نین لە بیر هیچ كوردیك بچنەوە،یان لە ڕووپەری میژووی پر لە نەنگی دەسەلاتداریتی كوماری ئیسلامی بشورینەوە. چونكە ئەو عامیل و دەست و پیوەندانەی ڕێژیم كە كاتی خوی ئەم جینایەیانەیان لە كوردستان ئەنجام داون وئیستا بە شیكیان یان لە دەسەلات وەلانراون، یان بو چوونیكی جیا لەوسایان تی دا پیك هاتوە، نەك نكولی لە ئەنجامدانی ئەم جینایەتانە ناكەن، بەلكو بە پاساودان و بە هەر شیوەیك كە بویان كرابی ویستوویانە ناوی خویان لە سەر ئەم جینایەتە بسرنەوە.

لیرەدا پرسیاریك دیتەگوری، ئەویش ئەوەیە كە ڕێژیم بەوەپالدانی جینایەتەكانی خوی بە حیزبی دیموكرات و لە دارشتنی ئەم پیلانە نوی یەدا وەشوین چ مەبەستیك كەوتوە؟

ڕێژیمی كوماری ئیسلامی زور بە باشی دەزانی كە حیزبی دیموكرات، وەك ئالاهەلگر و ڕیبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەلكی كوردستان بو وەدیهینانی ئامانجە پیروزەكانی، تا چ ڕادەیەك لە نیو دلی كومەلانی خەلكی كورد دا پیگەی هەیە و هیزی خەباتی خوی لە زەریای لە بن نەهاتوی گەل و متمانە و باوەری ئەوان دا هەل دینجی، هەروەها دەشزانی تا حیزبی دیموكرات بەو خوشەویستی و هیز و پیگەیەوە لە كوردستان دا دەوری هەبی، ناتوانی هەستی نەتەوایەتی، شعووری شورشگیرانەو، خەبات بو وەدیهینانی مافە ڕەواكانی گەلی كورد كز بكا و بو خوشی بی دلەراوكی بەتالانی سەروەت و سامانی خەلك و دارشتنی پیلانە دژی گەلییەكانی لە كوردستان دریژە بدا. جگە لەوەش كاربەدەستانی ڕژیم لەوە تیگەیون كە حیزبی دیموكرات لە ئاستی نیو نەتەوەیی دا حیزبیكی باوەر پیكراوەو، خەباتەكەی بە خەباتیكی ڕەوا، ئینسانی، و دیموكراتیك ناسراوە و تەنانەت لە كونگرەی ئەنتیر ناسیونال سوسیالیستیش دا بە ئەندام وەرگیراوە. هەر بویە بە ئاشكراو بە كردەوە كەوتوتە دوژمنایەتی حیزبی دیموكرات و هەولی كزكردنی خوشەویستی ئەم حیزبە لە نیو خو و تەریك خستنەوەی لە ئاستی نیو نەتەوەیی دەدا.

دەسەلاتدارانی كوماری ئیسلامی، لە لایەكی دیكەشەوە بە ئاگاداری لە وەزعی شپرزە و لەرزوك بوونی بناخەی حكومەتەكەیان، خویان لە سەراو لیژی هەلدیردا دەبیننەوە و بە خەیالی خاوی خویان دەیانەوی بە درو و دەلەسە و بەلگە ساز كردن، باری تاوانەكانیان سووك بكەن. ئەوان باش دەزانن كە دەبی ڕوژیك وەلامی ئەو هەموو جینایەتانە بدەنەوە. جا بویە هەول دەدەن تا ئەو جیگایەی بویان دەكری تاوانی جینایەتەكانیان لە ملی خویان دارنن و حیزبی دیموكراتی پی دزیوكەن. بەلام ئەم پیلانە تازەی ڕێژیمیش وەك پیلانەكانی پیشووی و هیوا لیبراوی و ناكامی بە دواوە دەبی و ئاكامی پیچەوانەی لیدەكەویتەوە. چونكە گەلی كورد لە كوردستانی ئیران باشتر لە هەموو كەس حیزبە خوشەویستەكەی خویان دەناسن و باش دەزانن حیزبی دیموكرات تا ئیستا زیاتر لە پینج هەزاری شەهیدی لە ڕیگای وەدیهینانی ئامانجەكانی ئەم گەلە دا پیشكەش كردوە و لە هەر هەلومەرجیكی سەخت و دژوار دا دریژەی بە خەباتی خوی داوەو،نوینگەی هەموو ئاوات و داخوازەكانی ئینسانی و دیموكراتیكی ئەوانەو بە دریژایی خەباتی خوی پەنای بو هیچ كردەوەیەكی ناپەسند نەبردوە. هەر بویەش زوربەی هەرە زوری ئەو بنەماڵانەی بو جی بەجی كردنی ئەم پیلانەی ڕژیم كەوتوونەتە ژیر فشار، ئازایانە بە گژی ڕێژیم دا چوونەتەوەو بویرانە وتوویانە" ئیمە هەموو ڕوژیك بكوژانی ڕولە ئازیزەكانمان دەبینین و دەیانناسین كە بە بەر چاومان دا دین ودەڕون. ئیمە چون دەتوانین لە بو مالی دنیا تاوانی كوژرانی خوشەویستانمان بخەینە ئەستوی كەسانیك كە لە پیناوی ئازادی و بەختەوەریمان دا گیانیان فیدا كردوە و ئیستاش ئامادەی گیانبازین".

دلنیاین بە وشیاری و بویریی زوربەی هەرە زوری ئەو بنەمالە بەریزانە، ئەم پیلانی ڕێژیمیش پووچەل دەكریتەوە و ڕوورەشی و سەرشوری بو ئەو چەند كەس و بنەمالەیە دەمینیتەوە كە سفرەی مالیان بە قیمەتی فروشتنی خوینی ڕولە گیانبەخت كردوەكانیان دەرازیننەوە.

هەروەها دەبی ئەوبنەماڵانەی كە بە داخەوە بە پیخوشبوونی خویان یا لە ڕووی نەزانییەوە كەوتوونەتە داوی ئەم پیلانەی ڕێژیم وپاكانەی بو دەكەن توزیك زیاتر بەخویان دا بینەوە و ئەو ڕاستییە بزانن كە لە میژوودا نموونەی ئەو كەسانەی كە لە پیناوی دەسكەوتیكی ماددی بی بایەخ دا پشتیان لەگەل و نەتەوەی خویان كردوە، چون لە لایان ئاغاكانیانەوە سەیر كراون و پاشان چارەنووسیان چون بووە؟ بیگومان ئاكامی هەر چەشنە خوش خزمەتییەك بە دوژمن جگە لە ڕوورەشی و سەرشوری هەتاهەتایی هیچی دیكەی لی ناكەویتەوە.

☯☯☯

کوردستان

ژماره ٣٤٧ (٣١ی گەلاویژی ١٣٨١ )

# "مؤسسه عفاف"و چەند قسەیەک

خەدیجە مەعزوور

دیاردەی لەشفرۆشی تایبەتی شوێنێكو وڵاتێكو قارەیەك نیە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتە پێشكەوتوو و سەنعەتیو لائیكەكانەوە بگرە تا وڵاتانی جیهانی سێهەمو ئەو وڵاتانەی كە مەزهەب لە هەموو بوارێكدا بەسەر ژیانی خەڵكدا زاڵە، وە بەرچاو دەكەوێ. بەدەگمەن هەڵدەكەوێ وڵاتێك حاشا لە بوونی ئەم دیاردەیە بكا. لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا ئەو شوێنانەی كە تایبەتی ژنانی لەشفرۆشن بە شێوەیەكی ڕەسمی لە لایەن دەزگا دەوڵەتی‌یەكانو هەروەها مەئموورانی بیهداشتەوە مۆڵەتیان پێ دەدرێو چاوەدێرییان بەسەردا دەكرێ، تەنانەت بۆ ئەم شوێنانە مالیاتیش دیاری كراوەو لە زۆر وڵاتانی دنیاشدا بە شێوەیەكی ڕەسمی كار دەكەن. بەو مەبەستەش چاوەدێرییان بەسەردا دەكرێ كە ئەم شوێنانە نەبنە ناوەندی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌یە جۆراوجۆرەكان لە كۆمەڵدا. دیاردەی لەشفرۆشی لە وڵاتی ئێمەدا دیاردەیەكی نوێ نیەو هەمیشە بەرادەیەك شێوەی ئاشكراو نهێنی لەگۆڕێدا بووە. بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆی ئێران بەردەوام حاشایان لە بوونی ئەم دیاردەیەو دیاردەكانی لە گوێن ئەو كردووەو وایان نواندووە كە دیاردەی لەم چەشنە ئەگەر لە ڕێژیمەكانی ڕابردوودا هەبووە ئێستا (لە سایەی ڕێژیمەكەی ئەوانەوە!!!) لە ئێرانی ئیسلامی‌دا جێگایەكی نیە. ئەگەر بە نهێنیش ئەنجام درابێ، ئەوە بەپێی یاساكانی كۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو كەسانە سزای توند بەڕێوە براوە. هەر بە غەلەت هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەو حاشاكردن لە بوونی، كۆمەڵگای ئێرانی تووشی كۆمەڵێك گیروگرفتی قووڵو ئاڵۆز كردوە.

ئەگەر دەسەڵاتبەدەستان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا بە شێوەیەكی نابەجێ هەڵسوكەوتیان نەكردباو وەك كێشەیەكی بنەڕەتی سەیریان كردباو بۆ چارەسەركردنو سنووردراكردنی لە پسۆڕو شارەزایانی ئەم بوارەدا كەڵكیان وەرگرتبا، بەم شێوەیە ئەم دیاردەیەو دیاردە دزێوەكانی دیكەی كۆمەڵ نەدەبوونە كۆسپی گەورەو تارادەیەك چارەسەر دەكران.

یاساكانی كۆماری ئیسلامی شیاوی كۆمەڵگای ئێستای ئێران نینو زیاتر لە یاساكانی سەدەكانی نیوەڕاست دەچنو كاربەدەستانی ڕێژیم بۆ چارەسەری هەموو مەسەلەو گیروگرفتێك پەنا دەبەنە بەر "قوەی قەهرییە"و لە توندو تیژی كەڵك وەردەگرن. هەركات تووشی مەسەلەیەك یان دیاردەیەكی نائاسایی لە بارەی ژنەوە بووبن، لە شەللاق، جەریمە، زیندان، بەردبارانو ئیعدام كەڵكیان وەرگرتووەو زۆر جاریش بۆ چاوترسێن كردن، تاوانباریان لەبەر چاوی خەڵك بە دڕندانەترین شێوە سزا داوە.

ئێستا دیاردەی لەشفرۆشی وەك دیاردەكانی دیكەی كۆمەڵ بۆتە كێشەیەكی گەورەو ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی ئەوانەی لە ئێراندا تووشی لەشفرۆشی دەبن دەچێتە سەر. ماوەیەك لەوە پێش "دەنگی ئامریكا" لە ڕاپۆرتێكدا باسی لە ٣٠٠٠٠٠ كەس دەكرد كە لە شارەكانی ئێراندا بە نهێنی خەریكی لەشفرۆشین. ئەو مەسەلەیە لەم دوایانەدا هێندێك لە كەسانو دەزگا دەوڵەتی‌یەكانی لەو پەیوەندی‌یەدا وەجموجۆڵ خستوە. هەڵبەت نە بەو مانایە كە لە هۆیەكانی ئەم دیاردەیە بكۆڵنەوەو ڕێگایەك بۆ چارەسەركردنو یا پێشگرتن لە لەشفرۆشی لە وڵاتدا بدۆزنەوە، بەڵكوو زیاتر لە بیری ئەوەدان ڕەنگو ڕوویەكی شەرعی بەم دیاردەیە بدەن.

دەسەڵاتبەدەستانی كۆماری ئیسلامی ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی "آفرینش" سەر بە قۆڵی پاوانخواز ڕایان گەیاند "بۆ ئەوەی بەر بە هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژئاوا بگیرێ، پێكهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ ژنانو پیاوان هاسان كەنەوە" لەو پەیوەندی‌یەدا گەڵاڵەیەكیان ئامادە كردوە. ئەویش گەڵاڵەی كرانەوەی بنیاتێكی ڕەسمیی ئیزدواجی كاتی (ازدواج موقت) بە ناوی "مؤسسه عفاف"ە. لەم پەیوەندی‌یەدا ئیدعا دەكەن ئەم دامەزراوەیە ڕەسمیە، ناوی ژنانو پیاوانی خوازیار دەنووسێو كاتیان بۆ دیاری دەكا. بۆ ئەم كارەش پووڵ وەردەگرێو جێگاش بۆ خوازیاران دابین دەكا. لە ئەساسنامەی ئەم دامەزراوەیەشدا هاتوە: "ئامانج لە پێكهێنانی مؤسسە عفاف چارەسەركردنی گیروگرفتی ئەو ژنانەیە كە بێ‌سەرپەرستنو مێردیان نیە، ئەو ژنانەی كە نایانەوێ هاوسەری هەمیشەیی‌یان هەبێ، خوێندكارانو قوتابیانێك كە ئیمكانی پێكهێنانی ژیانی هاوبەشیان نیە، ئەو ژنانەی كە گیرۆدەی نەخۆشی‌یەكی چارەسەرنەكراون، ئەو پیاوانەی كە هیچ ژنێك ئامادە نیە ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ پێك بێنێو ئەو پیاوانەی هەمیشە لە سەفەردان لەم پەیوەندی‌یەدا چەند پرسیار لەگەڵ داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵەیە دێتە گۆڕ. تەكلیفی ئەو ژنانەی كە لە ماڵەوەنو مێردەكانیان هەمیشە لە سەفەردان چیە؟ یا ئەو پیاوەی كە بە نەخۆشی‌یەكی چارەسەر نەكراو گیرۆدە بێ، و یا ئەو ژنانەی كە هیچ پیاوێك ئامادە نەبێ ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ پێك بێنێ، یا ئەو ژنانەی هەمیشە لە سەفەردابن چۆن دەبێ؟ بەڕاستی كرانەوەی بنكەو بنیاتێكی ئەوتۆ مەسەلەی فەحشاو لەشفرۆشی لە وڵاتەكەماندا چارەسەر دەكا یا زیاتر پەرەی پێ دەدا؟! ئایا دامەزراوێكی ئەوتۆ نابێتە پاڵپشتێكی بەهێز بۆ ئەوەی ژنان لە هەوڵی دۆزینەوەی كاری ئابرووەمەندانەدا نەبن؟

دەسەڵاتبەدەستانی كۆماری ئیسلامی بۆ جارێكیش لێكۆڵینەوەیان لە هۆیەكانی سەرهەڵدان یان پەرەگرتنی لەشفرۆشی نەكردوە كە بۆ چی ئاوا پەرەی ئەستاندوە. ئایا هەژاری ماددی، فەرهەنگیو ڕەوانی یا هۆی دیكە لەگۆڕێدا نەبوون كە ژنان پەنا بۆ ئەم كارە دەبەن؟ كاتێك قەیران لە هەموو بوارێكدا دەزگاكانی ڕێژیمی داگرتووە، بێكاری، هەژاری، ئیعتیاد، نەبوونی ئەمنیەت، بێ‌ئاسۆیی‌و . . . لەوپەڕی خۆی‌دایەو پێكهاتنی ئەم وەزعەش لە سیاسەتو ڕەفتارەكانی ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێو شتێكی سرووشتی‌یە كە ئەگەر ژنان لە باری ماددیو مەعنەوی‌یەوە بكەونە ژێر فشارو نەتوانن زگی برسیی منداڵەكانیان تێر بكەنو یا كچە تازە پێ‌گەیشتووەكان نەتوانن تا ڕادەیەك ئاواتو ئارەزووەكانیان بێننە دی، مەترسی ئەوە دەكرێ كە وەدوای لەشفرۆشی بكەونو ڕۆژبە ڕۆژیش بە ژمارەی كەسانی موعتاد، ڕاكردوو لە ماڵو لەشفرۆشیو دیاردەكانی دیكە زیاد ببێ.

كاربەدەستانی ڕێژیم ئەگەر لە بەرامبەر ئەو ژنە لەشفرۆشانەدا هەستیان بە بەرپرسایەتی كردبا زیاتر لەوەی لە بیری ڕیوشوێن دانان بۆ لەشفرۆشی‌دابان، دەكەوتنە لێكۆڵینەوە لە هۆیەكانیو ڕێگای تووش‌بوونی ژنان بەم دیاردەیان بەربەست دەكردو ئەو كۆتو بەندانەیان لە دەستو پێی ژنان دەكردەوە كە ئاسوودەیی، ئازادیو بەرژەوەندی‌یەكانی ئەوانیان لە مەترسی خستوەو بوونەتە هۆی سەرەكی بۆ ڕاكشانی ژنان بۆ لای كاری ناپەسند. یا هەوڵیان دەدا بنكەو بنیاتی ئەوتۆ دابمەزرێنن كە:

١ـ وەك پشتیوانێكی بەهێزو پەناگەیەكی ئەمن لە باری فەرهەنگیو ماددیو مەعنەوی‌یەوە بۆ ژنان بان.

٢ـ هەر لە سەرەتاوە بە هەست بە بەرپرسایەتی‌كردن لە بەرامبەر ژناندا ڕێگا چارەیەكی گونجاو ژیرانە بۆ ئەم دیاردەیە دۆزرابایەوە تا بەم شێوە سەرسووڕهێنەرە پەرەی ئەستاندباو نەبووبایە كۆسپێكی گەورەی كۆمەڵایەتیو زەبری لە كۆمەڵو بەتایبەت لەشساغی مرۆڤ لە ئێراندا نەدابا.

دەسەڵاتبەدەستانی حاكم لە ڕاستی‌دا بە دامەزراندنی "مؤسسه عفاف" هەم ئیعتراف بە پەرەگرتنی فەحشاو لەشفرۆشی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارەتی خۆیاندا دەكەنو هەم بێ‌توانایی‌و بێ‌دەسەڵاتیی خۆیان لە بەرگری‌كردن لەم دیاردەیە دەردەخەنو هەم قوبحو شەرمی ئەم كارە لە كۆمەڵدا دەشكێننو بە ئاشكرا كەسایەتی ژنان خەوشدار دەكەنو لەمپەرێكی دیكە لەسەر ڕێگای پێكهێنانی ژیانی هاوبەشو هەمیشەیی لە نێوان كچو كوردا پێك دێنن. لەوەش گرینگتر ژنان نەتەنیا لە باری جیسمیو ڕۆحی‌یەوە دەچەوسێننەوەو وەك كەلوپەل مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێ، تووشی نەخۆشیی ڕەوانیو خەمۆكیش دەبن. ئەگەر پێشتر بە نهێنیو لە ڕووی ناچاری‌یەوە لە داوی لەشفرۆشی دەكەوتن، ئەو جار بە دامەزرانی "مؤسسه عفاف" ژنانو پیاوان بە ئاشكراو بێ‌ترسو دڵەخورپە بە بیانووی جۆراوجۆر بۆ كات ڕابواردن، پەیتا پەیتا پەنا دەبەنە بەر سیغەی كاتیو بناغەی ژیانی ئاسایی‌و ژیانی هاوبەش لەرزۆك دەكەن. "مؤسسه عفاف" ناتوانێ كارێك بۆ دۆزینەوەی هۆیەكانی پەنا بردن بۆ لەشفرۆشی بدۆزێتەوە، بەڵكو تەنیا شوێنەوارێك كە ڕەنگە لەسەر دیاردەكەی دابنێ تا ڕادەیەك بیهداشتی كردنی مەسەلەكەو بەرگری كردنە لە پەرەگرتنی هێندێ لە نەخۆشی‌یە جیسمی‌یەكان.

# ژمارەی ئەو مێرمنداڵانەی لە ماڵەوە ڕادەكەن، هەروا زیاد دەكا

هەواڵدەریی خوێندكارانی ئێران (ایسنا) ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژ، وێرای بڵاوكردنەوەی هێندێك ئامار لە بارەی ڕاكردنی مێرمنداڵانی ئێرانی لە ماڵەوە، نیگەرانیی خۆی لە پەرەگرتنی ئەو دیاردەیە دەربڕی.

بە پێی ڕاپۆرتی "ئیسنا" ساڵی ١٣٨٠، ٤ هەزارو ٧٣ مێرمندالی ڕاكردوو لە لایەن ناوەندی بەسەرڕاگەیشتنی منداڵانو مێرمنداڵانی سەرشەقامەكان، سەر بە شارەداریی تاران، شناسایی كراون كە ١٤/٣٪ی ئەوان كچو ٨٥/٧٪یشیان كور بوون.

ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ناوبراو دەڵێ لە چوار مانگی كۆتایی ساڵی ڕابردوودا، هێزی ئینتیزامی ٦٠ هەزارو ١٥٦ كەسی لەو جۆرە مێرمنداڵانە گرتوون.

ڕاپۆرتەكە دەڵێ كچان بەو هۆیەوە كە زۆرتر لە كوران لە ژێر فشاری بنەماڵەدانو بەربەستیان لە سەر ڕێیە، پتر لە كوران پەنا بۆ ڕاكردنو مانەوە لە ماڵە دۆستانو پاركەكانو شوێنە گشتی‌یەكان دەبەن. دیارە زۆر لە بنەماڵەكان لەبەر پاراستنی ئابرووی خۆیان، ئامادە نین هەواڵی ڕاكردنی كچەكەیان بە ناوەندە پیوەندیدارەكان ڕابگەیەنن.

ڕاپۆرتی ئیسنا بە ئاكام وەرگرتن لە لێكۆڵینەوەكانی هێزی ئینتیزامی دەڵێ: سەدی ٢٧ی ژنانی ڕاكردوو، تەمەنیان لە نێوان ١٦ تا ٢٥ ساڵ دایەو سەدی ٩٨ی ئەوان هی شارەكانو ناوەندی ئوستانەكانن. سەدی ٩٤ی ژنانی ڕاكردوو یا نەخوێندەوارن یا تا قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندی‌یان خوێندوە. سەدی ٤١ی ئەوان سەڵتنو سەدی ٥٩ كەسیشیان، لە قۆناغێكی ژیانیاندا مێردیان كردوە.

# سوودان و هەنگاوێكی ئاشتیخوازانە

لە كۆتایی مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی‌دا ڕێككەوتننامەیەك لە نێوان حكوومەتی سوودانو بەرهەڵستكارانی باشووری ئەو وڵاتەدا مۆر كرا كە كۆتایی بە شەڕێكی ١٩ ساڵە هێنا كە تێیدا زیاتر لە ١/٥ میلیون كەس گیانیان لە دەست داو زیاتر لە چوار میلیون كەسیش ئاوارەو دەربەدەر بوون.

ئەم ڕێككەوتننامەیە كە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندیی ئەو وڵاتەو مەسیحی‌یەكانی باشووری سووداندا مۆر كرا، نیشانی دا كە ١٩ ساڵ شەڕو خوێنڕێژیو ماڵوێرانی نەك نەیتوانی بە سەر گیرو گرفتەكانی ئەو وڵاتەدا زاڵ بێ بەڵكوو كۆمەڵێك گیروگرفتی دیكەشی بۆ خولقاندو زەرەرو زیانێكی گیانیو ماڵیی زۆریشی لی كەوتەوە. لە حاڵێكدا ئەم هەنگاوە ئاشتیخوازانەیە نەك هەر كۆتایی بە شەڕو دەمارگرژی هێنا بەڵكوو بەشێكی بەرچاو لە مافە ئینسانی‌یەكانی مەسیحی‌یەكانی باشووری ئەو وڵاتەشی دەستەبەر كردو بێگومان تەبایی بۆ هەموو خاكو خەڵكی سوودانیشی بەدواوە دەبێ. بەتایبەت كە هێزە سیاسیو بەرهەڵستكارەكانی دیكەی سوودانیش بەم ڕێككەوتنە خۆشحاڵنو ڕەزامەندیی خۆیان لەو پیوەندی‌یەدا دەربڕیوە.

بەپێی ڕێككەوتننامەی ئەم دوایانەی حكوومەتی سوودانو بزووتنەوەی میللیی ڕزگاریخوازی ئەو وڵاتە، سوودان دەبێتە حكوومەتێكی فیدراڵیو دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتی فیدراڵیو ناوچە فیدراڵی‌یەكاندا دابەش دەكرێ. هەرچەند لەو ڕێككەوتننامەیەدا مەسەلەی ئاگربەس یەكلا نەكراوەتەوە، بەڵام دوو مەسەلەی گرینگ واتە مەسەلەی جیایی دەوڵەتو دینو مافی چارەنووسی باشووری سوودان ڕێككەوتنیان لەسەر كراوە. مەسەلەی دیاریكردنی چارەنووسی باشووری‌یەكان بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ. لە قۆناغی یەكەمدا كە ٦ مانگ دەخایەنێ دەوڵەتێكی بەرفراوان كە هەموو لایەنەكان لە خۆیدا جێی بكاتەوە پێك دێو ڕێگا بۆ دەست پێكردنی قۆناغی دووهەم خۆش دەكا.

قۆناغی دووهەم ٦ ساڵ دەخایەنێو پاش ئەم ماوەیە مەسیحی‌یەكانی باشووری سوودان بۆیان هەیە لە ڕێگای ڕیفراندۆمیكەوە كە لە ژێر چاوەدێریی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكاندا بەڕیوە دەچێ بڕیار لەسەر مانەوەی خۆیان لە چوارچێوەی سوودان یان جیابوونەوەیان لە سوودان بدەن.

ئەو هەنگاوە بوێرانەو واقیعبینانەیەی حكوومەتی سوودان بەهۆی نیوەرۆكی ئاشتیخوازانەو پێشكەوتوانەی لەگەڵ پێشوازیی كەم وێنەی بیروڕای گشتیی جیهانیو كۆڕو كۆمەڵەكان بەرەوروو بوو و بە كارێكی ئینسانیو هەنگاوێكی شارستانییانە لە قەڵەم درا. بەو حاڵەش ئەم مەسەلەیە لە لایەن هێندێ وڵاتی عەرەبی‌یەوە وەك كارێكی نادروستو مەترسیدار بۆ سەر ئەمنییەتی عەرەبی چاوی لی كراو "عمرالبشیر" سەرۆكی سوودان لە لایەن ئەم جۆرە وڵاتانەوە بەوە تاوانبار كرا كە خاكی عەرەبی فرۆشتوەو ڕێگای بۆ ئەوە خۆش كردوە كە وڵاتێكی سەربەخۆی مەسیحی لە دراوسێ‌یەتیی چەند وڵاتی عەرەبی- ئەفریقایی لە داهاتوودا سەر هەڵ بدا.

لەو نێوەدا میسر كە خۆی زۆر جار دەوری نێوبژیوانی لە نێوان حكوومەتی سوودانو مەسیحی‌یەكانی باشووردا بینیوە ئەمجارە نارەزایەتیی خۆی لەم ڕێككەوتننامەیە دەربڕیوە. میسر نیگەرانیی خۆی لە سەرهەڵدانی وڵاتێكی سەربەخۆی مەسیحی لە داهاتوو و لە دراوسێ‌یەتیی خۆی‌دا لەوەدا دەبینێ كە ئەم سەربەخۆبوونەی باشووری سوودان لەسەر شێوەی دابەشكردنی ئاوی نیل شوێن دادەنێو بەرژەوەندی میسر لەو پیوەندی‌یەدا دەخاتە مەترسی‌یەوە. جگە لەوە هەست بەو مەترسی‌یەش دەكا كە دوور نیە ئەو وڵاتە سەربەخۆیەی كە ڕەنگە مەسیحی‌یەكانی باشووری سوودان پاش ٦ ساڵی دیكە پێكی بێنن، لەگەڵ هێندێ وڵاتی دیكەو یەك لەوان ئیسرائیل، جۆرێك لە پیوەندی دامەزرێنێ كە لە بەرژەوەندیی میسردا نەبێ.

لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستانەی كە چەند وڵاتێكی عەرەبی بە ڕێككەوتنی ئەم دوایانەی سوودانو مەسیحی‌یەكانی باشووری ئەو وڵاتە گرتیان، وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كە خۆی دەوری لە ئیمزاكردنی ڕێككەوتنەكەدا هەبوو و هەروەها یەكیەتیی ئورووپا خۆشحاڵیو ڕەزامەندیی خۆیان لەم ڕێككەوتننامەیە دەربڕیو بە كارێكی بەسوودو هەنگاوێكی پێشكەوتنخوازانەیان دانا. ئێستا ماوەتەوە شاهیدی بەجێ هاتنی یەك یەكی خاڵەكانی ئەم ڕێككەوتننامەیە بینو وەك نموونەیەكی باشو هەنگاوێكی گرینگ بۆ چارەسەری ئەم جۆرە كێشانە سەیری بكەین.

# دامەزرانی حیزبی دیموکرات‌و پیکهاتنی پیوەندیی میژوویی لە نیوان دوو گەلی کوردو ئازەری‌دا

**هاوڕێ جەعفەری زەمانی لە تیکۆشەرانی ئازەری زمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانە کە نزیکەی ٢٠ سالە لە ریزی حیزبی دیموکراتدا خەبات دەکا. ئەم وتارەی دەیخوینینەوە لە بارەی پتەوبوونی برایەتی‌و هاوخەباتیی دوو گەلی کوردو ئازەری بە دوای پیکهاتنی حیزبی دیموکراتەوەیە کە بە زمانی کوردی‌و بە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ سالرۆژی دامەزرانی حیزبەوە، بۆ "کوردستان"ی ناردوە.**

✧✧✧

بەیەکەوە ژیان‌و هاوخەباتیی گەلانی بندەست لە ئیراندا رابردوویەکی دریژی هەیە. بەهۆی حاکم‌بوونی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان کە مافی گەلان‌و ئازادی‌و دیموکراسی جیگایەکی لە نیوەرۆك‌و ماهییەتیاندا نیە. گەلانی بندەستیش لە ئیراندا وەکوو دژکردەوەیەکی سروشتی دەگەڵ هاوزنجیرانی خۆیان هەستیان بە پیویستیی نزیکی‌و یەکیەتیی کردوە. لە سەدەکانی رابردوودا گەلانی ئیران لە سەرەتایی‌ترین مافی نەتەوەیی خۆیان بێبەش کرابوون‌و هەرجۆرە هەولدانیك بۆ وەدەستهینانی مافە رەواکانیان لە لایەن ریژیمەکانی وەختەوە زۆر بەتوندی‌و بێبەزەیی‌یانە لە خوین‌و فرمیسكدا نوقم کرابوون. هەمیشەش بیانووی فریوکارانەیان، یەکیەتیی خاکی ئیران‌و لەگۆڕیدا بوونی پیلانی دوژمنان بۆ سەر حاکمییەت‌و دەسەڵاتی خۆیان بووە. بەداخەوە ئەم چەکە ژەنگاویەیە لە زۆر جیگادا بە هۆی نائاگایی‌و نەبوونی وریایی نەتەوەیی بەشیك لە رۆلەکانی گەلانی ئیران لە رادەی پیویستدا، یارمەتی‌یەکی گەورەی بە ریژیمە دژی گەلی‌یەکان داوە.

لە ئیراندا بە شاهیدیی میژوو و بەلگەی حاشاهەلنەگر، کوردەکان هەمیشە یەکیك لە گرینگترین پایەکانی پاراستنی سەربەخۆیی ئیران بوون. بەخۆرایی نیە کە حکوومەتەکان سەرەرای ئەو هەموو دژایەتی‌و قین لە دلی‌یە لەگەڵ مافی رەوای گەلی کورد، نەیانتوانیوە حاشا لە نەقشی گرینگی گەلی کورد لە پاراستنی سەربەخۆیی ئیراندا بکەن. ئیستاشی لەگەڵ بێ کوردان وەکو "مرزبانان غیور و جسور" ناو دەبەن.

ریژیمەکانی زاڵ بەسەر ئیراندا سەرەرای سەرکوتی راستەوخۆو بەردەوام. هەولیان داوە لە ریگای بزاوتنی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی غەیرە کورد دژ بە خەباتی گەلی کورد، دریژە بە دەسەڵاتی رەشی خۆیان بدەن، لەو پیناوەشدا دەستیان لە هیچ پیلانیکی جنایەتکارانە نەپاراستوە. لە هەستی ئایینی‌و ناوچەگەرایی‌و نەتەوەیی‌و . . . ناکۆکیی ئەرزیی ئازەری‌یەکان لەگەڵ گەلی کورد کەلکی خەراپیان وەرگرتوە.

حکوومەتی پەهلەوی بە باب‌و کورەوە هەولیان دا بە هەر نرخیك بێ گەلانی غەیرە فارس لە ئیراندا بتویننەوە، گەلی کوردیش یەکیك لەو گەلانە بوو کە ئەو هەرەشەیەی لەسەر بوو. هەر بۆیە چەندین راپەرین لە دژی سیاسەتی چەوتی پاشایەتی بەرپا بوو. ریژیمی ریاکاری ئاخوندییش کە پیی وایە دەبێ لە هەموو بواریكدا لە ریژیمی پاشایەتی هەنگاویك زیاتر بچیتە پیشێ، شەری ئازەری‌و کوردو شیعەو سوننیی کردوە بە بەشیك لە سیاسەتی خۆی. بەلام بە خۆشی‌یەوە گەلی کوردو گەلی ئازەری قەت بە گویرەی مەیلی ریژیمە دیکتاتۆرەکانی زاڵ بەسەر ئیراندا بە گژ یەکتردا نەچوونەتەوە، ئەوان بە هەست کردن بە هاوچارەنووسی‌و هاوخەباتیی خۆیان‌و بێبەشیی هەردوو لا لە مافە نەتەوەیی‌یە سەرەتایی‌یەکانیان پشتیوان‌و هاوخەباتی یەکتر بوون. بە وریایی تەواوەوە پیلانەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامییان پووچەڵ کردۆتەوەو جگە لە ناهۆمیدی‌و رووڕەشی چی دیکەیان بۆ ریژیم نەهیشتۆتەوە. لەم بەینەدا نابێ رۆلی گرینگ‌و ئەساسی‌و سیاسەتی روون‌و ئاشکرای حیزبی ریبەری جووڵانەوەی گەلی کورد یانێ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە بیر بکرێ. شتیکی زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بلیین سەرنەکەوتنی سیاسەتی شەرهەڵایسینەرانەی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە نیوان ئازەری‌و کورددا دەگەریتەوە بۆ ئەو سیاسەتە راست‌و ئوسوولی‌یە کە حیزبی دیموکرات لە ماوەی ئەم ٥٧ سالەدا گرتوویەتە بەر. حیزبی دیموکرات بە وریایی‌و هوشیاری‌یەوە روانیویەتە مەسەلەی ئازەری‌و کورد لە ناوچەکەدا، چونکە گەلی ئازەری لە ئیراندا دراوسیی گەلی کوردەو رابردوویەکی باشیان لە دراوسییەتی‌و بەیەکەوە ژیانی بە ئاشتی هەیە.

دامەزرانی حیزبی دیموکرات لە ٢٥ی گەلاویژی ١٣٢٤دا نوختە گۆرانیك بوو لە رەوتی خەباتی گەلی کوردو حیزبی دیموکراتداو بوو بە هۆی مۆدیرن بوونی ئەو خەباتە. هەر زۆر زوو گەلی کورد ئاکام‌و بەرهەمەکانی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی دیت‌و دەرەتانی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی لە میژووی خۆیدا بۆ رەخسا. ئیمزاکرانی پەیماننامەی ٣ی بانەمەری ١٣٢٦ دەسکەوتیکی گرنگی هەردوو گەلی کوردو ئازەری بوو. ئەم پەیماننامەیە بوو بە بەردی بناخەی دۆستایەتی‌و هاوپەیمانیی گەلی ئازەری‌و کورد کە بەراستی لە جۆری خۆی لە ئیراندا بێوینە بوو و هەست بە بەرپرسایەتی‌و وشیاریی ئەم دوو گەلەی سەلماند. دوکتور قاسملووی نەمر لە کتیبە بە نرخەکەی "چل سال خەبات لە پیناوی ئازادی"دا ئاوا باسی ئەم پەیماننامەیە دەکا: "ئەم پەیماننامەیە کە لە لایەن دوو حکوومەت کە هەماهەنك لەگەڵ یەکتر پیك هاتبوون‌و دوو ریژیمی دیموکراتی‌و پیشکەوتوو بوون، لە بەربەرەکانێ دژی دەولەتی کۆنەپەرستی مەرکەزیدا یەکیەتییان هەبوو و یەکگرتوو بوون. هەر لەسەر ئەم بناخەیە، پەیمانیکی دۆستایەتی‌و هاوکاری لە نیوانیاندا بەسترا. ئەو پەیمانە لە ٣ی بانەمەری ١٣٢٥ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦)دا لە شاری تەوریز لە لایەن دوو هەیئەتی رەسمی‌یەوە بە سەرۆکایەتیی پیشەوا قازی‌و جەعفەر پیشەوەری ئیمزا کرا." [١] هەروەها ناوەرۆکی پەیماننامەکەمان کە لە ٧ خال پیك هاتبوو بەم جۆرە پێ دەناسینێ: "پەیماننامەکە دوو بەشی سەرەکی هەبوو: بەشیکی پیوەندی‌یەکانی نیوان دوو حکوومەتی ئازەربایجان‌و کوردستانی روون دەکردەوە، هەر دوو لا کەمایەتی‌یەکانی یەکتریان بە رەسمی دەناسی‌و هەموو مافیکی نەتەوەیی‌و شارستانەتییان دەدایە، هەر وەها پەسند کرابوو کە هەر دوو دەولەت بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتە ئابووری‌یەکان پیکەوە هاوکاری بکەن. بەشی دووهەمی سەبارەت بە پیوەندی‌یەکانی ئەم دوو حکوومەتە لەگەڵ دەولەتی مەرکەزیدا بوو. هەر چەشنە وتوویژیك کە لەگەڵ دەولەتی تاران کرابا، دەبا بەپیی پەسەندی هەر دوو دەولەتی ئازەربایجان‌و کوردستان بێ. هەر کاتیش پیویست با هیزە چەکدارەکانی ئەم دوو دەولەتە ئامادە بوون یارمەتیی یەکتر بدەن." [٢]

ئەم پەیماننامەیە پاش زیاتر لە ٥٦ ساڵ بەردی بناخەی سیاسەتی حیزبی ئیمە لە بەرامبەر گەلی براو هاوچارەنووسی خۆی گەلی ئازەری‌دایە. لە ماوەی ئەم ٥٧ سالەدا ئیران‌و کۆمەلگای ئیران لە زۆر بارەوە گۆراون‌و خەبات لە دژی زولم‌و دیکتاتۆری لە لایەن رۆلەکانی "قازی محەممەد"و "ستارخان"و "باقرخان"ەوە هەر دریژەی هەبووە، بەلام بەداخەوە داخوازەکان‌و ویستی دوو گەلی کوردو ئازەری تا ئیستاش نەهاتوونە دی.

گەلی کورد بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی خەباتیکی بەردەوام‌و حیزبیکی سیاسیی وەك حیزبی دیموکرات بووە دەوریکی بەرچاوتری لە خەبات بۆ وەدیهینانی مافی نەتەوایەتی‌و دیموکراسی‌دا هەبووە، هەر بۆیەش ریزی تیکۆشەرانی ئەو حیزبە هەرگیز لە تیکۆشەرانی ئازەری بەتاڵ نەبووە. خەباتگیرانی ئازەری زبانیش شان بە شانی برا کوردەکانیان بۆ دیموکراسی لە ئیران‌و دابین بوونی مافی نەتەوایەتی خەباتیان کردوە. ئەم بەشداری‌یەی تیکۆشەرانی ئازەری زمان لە ریزی تیکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا بەتایبەتی بە دوای سەرکەوتنی شۆرشی سالی ١٣٥٧ی گەلانی ئیراندا زیاترو بەرچاوتر بووە، ئەوان لە ریزەکانی حیزبدا دەوری دیارو بەرچاویان گیراوە، بەتایبەت لە پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ریژیم بۆ دووبەرەکی‌نانەوەو ناکۆکی پیك هینان لە نیوانی ئەو دوو گەلەدا.

جگە لەوە حیزبی دیموکرات بەو هۆیەوە کە حیزبیکی دیموکراتەو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان بەهەقی رۆلەکانی هەموو گەل‌و نەتەوە بندەستەکانی ئیران دەزانێ لە بەرنامەی خۆیدا خالیکی تایبەتی بۆ دابینکردنی مافی دانیشتووانی غەیرە کوردی کوردستان گونجاندوە کە بەپیی ئەو خالە : "هەموو دانیشتووانی غەیرە کورد لە ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپیدانی حوقووقی فەرهەنگیی خۆیان ئازادن‌و مافی خویندن بە زمانی خۆیانیان هەیە." [٣] ئەوەش لە حالیکدایە کە هەر بەپیی بەرنامەی حیزب "هەموو دانیشتووانی کوردستان بە بێ هیچ جیاوازی دانانیکی جینسی، قەومی، رەگەزی‌و مەزهەبی لە مافی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و فەرهەنگیی وەك یەك کەلك وەردەگرن." [٤]

زۆر روونە کە هەرچی یەکگرتوویی‌و هاوخەباتی لە نیوان گەلانی هاوچارەنووسی ئیران‌و بەتایبەت لە نیوان دوو گەلی ئازەری‌و کورددا بەهیزترو پتەوتر بێ، هەم پیلانەکانی ریژیم بۆ پیکهینانی ناکۆکی‌و نانەوەی دووبەرەکیی زیاتر پووچەڵ دەکرینەوەو هەم سەرکەوتن‌و بە ماف گەیشتنی گەلانی ئیران مسۆگەرتر دەکا.

هیوادارین ئەو هەست بە بەرپرسایەتی‌یەو ئەو ئەرکە گرینگە کە میژوو خستوویەتە ئەستۆی رۆلەکانی دوو گەلی کوردو ئازەری بە باشترین شیوە لە بەرچاو بگیرین‌و بەریوە بچن‌و ئاکامیکی دلخوازیان لە بواری برایەتی‌و بەیەکەوە ژیان‌و هاوخەباتیی ئەو دوو گەلەو گەلانی دیکەی ئیراندا لی بکەویتەوە.

سەرچاوەکان:

١ـ "چل سال خەبات لە پیناوی ئازادی"، نووسینی دوکتور قاسملوو، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، لاپەرەی ٨٥

٢ـ هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٨٧

٣ـ بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، پەسندکراوی کۆنگرەی دوازدەیەم، فەسلی دووهەم، بنچینەکانی خودموختاری، ماددەی یازدەهەم

٤ـ بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، فەسلی سیهەم، مافەکانی دانیشتوانی ناوچەی خودموختارو ماددەی ١٢

دریژەی دوالاپەرە

## لە سەر "کانیی جانداران"را تا نیو گۆرستانی "گەرۆر"

خۆشنووسیك بوو، حەزت دەکرد چی تراکت‌و ئاگاداری‌و سەربەرگی بلاوکراوەکانە، وەك تەختە بەردە پانەکەی دەم ریگای "چەکۆ ـ میراوێ" کە دروشمی "دیمۆکراسی بۆ ئیران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"ی لەسەر نووسیبوو، بە خەتی ئەو بنەخشیندرین.

لە بواری تەبلیغات‌و راگەیاندندا، کەم کادری حیزبیی هاوتەمەنی تۆزیان دەشکاند. بە زمانی سادەو پاراوی‌و بەو شارەزایی‌یە سەرنج راکیشەی ئەو مندالەی شاری، لە کۆمەلناسی‌و دەروونناسی‌و پیوەندی‌یەکانی خەلکی لادێ هەیبوو، مەبەستەکانی خۆی‌و حیزبەکەی، بە هاسانی لە نیو خەلكدا دەبردە پیش. لە خۆرایی نەبوو لە مانگەکانی "دیفاع لە ئازادی"و هیرش بۆ سەر دوژمن"دا، تەداروکی بەشیکی زۆر لە هیزی پیشمەرگەی حیزب‌و "هیزی پشتیوان"یان لە ناوچەی پیرانشارو سەردەشت بەو سپاردبوو.

لە هەر کۆبوونەوەو سمینارو کۆنفرانسیكدا، کە لە سەر کاروباری تەشکیلاتی دەدوا، ئەوەندەی ئیدەو پیشنیارو گەلالەی نوێ‌و لیزانانە دینایە گۆرێ، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی رادەکیشا. ئەگەرچی وەك پسپۆریکی کاری تەشکیلاتی لە ئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتی‌و نەترسی‌و شەرکەری‌دا، لە هیچ قارەمانیکی مەلبەندەکەی خۆی، پیرانشار، نەدەمایەوە.

نووسینەوەی "یادداشتەکانی رۆژانە"، ئەو لە نیو یەکیەتیی لاوان‌و دۆستانی کادرو پیشمەرگەی‌دا کردی بە داب. سەداقەت، سەراحەت، سادەیی، هەست کردن بە بەرپرسایەتی، ماندوویی نەناسی، دانەبران لە کتیب‌و خویندنەوە لە هیچ هەلومەرجیكدا، بروابەخۆبوون، رووخۆشی‌و، جگە لە رەزامەندیی خەلك‌و حیزبەکەی دەربەستی هیچ شتیك نەبوون، لە تایبەتمەندیی‌یەکانی بوون.

✵✵✵

ماوەیەك لە بەخاك سپاردنی تێپەریوە. "کاك کەریم" لیی راسپاردووم کەلوپەلەکانی براجوانەمەرگەکەی بۆ بنیرم. بۆ دواجار چاو بە دەفتەری یادداشتەکانی رۆژانەی‌دا دەخشینم. لاپەرەکانی ٢٥و ٢٦ی گەلاویژی هەروا سپین، فریانەکەوتوە پریان بکاتەوەو چۆنیەتیی بەریوەبردنی ریورەسمی ٣٩ سالەی دامەزرانی حیزبەکەی لە پشت مالی جانداران‌و هیرشی رۆژیك دواتری هیزەکانی کۆماری ئیسلامییان تیدا بنووسێ. ناچارم دەفتەری ژینی کورت‌و پرشانازیی کە لە ٢٥ بەهار تێنەپەریوە، ببەستم. دوو وتە لە گویمدا دەزرینگینەوەو لییان دەویم دواپەری ژیانی ئەو لاوە شۆرشگیرەیان پێ بنەخشینم: قسەکەی دایکی شەهید حوسین شەمامی لە سەر گلکۆی ئەوو جوانەمەرگەکەی دیکە ( شەهید مەحموود)، کە بەریکەوت رۆژی بەخاك سپاردنی ئەو دووانە لە "گەرۆر" بوو: "لیم گەرین، دایکیان لیرە نین، با لەجیاتی ئەوانیش بۆیان بگریم"؛ دوایین پاراگرافی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب: "خوینی هەزاران شەهیدی حیزبەکەمان کە ناوی رەحمانی سۆفی‌زادە کاروانە دریژەکەیان دریژتر دەکا، نابێ بەفیرۆ بچێ. ریژیمی خوینمژی خومەینی کە خوینی لاوی شۆرشگیرو بەنرخی وەك رەحمانی سۆفی‌زادە دەریژێ، دەبێ برووخێ‌و گەلانی ئیران دەبێ لەو ریژیمە پرنەگبەتی‌یە رزگاریان بێ".

✵ سۆفی رەسووی بابی کاك رەحمان پیشمەرگەی هیزی شەهید ئاوارە بوو، سالی ١٣٦٢ بەداخەوە لە رووداویکی دلتەزین‌دا گیانی لەدەست دا.

شەوی ٢٦ی گەلاویژی ١٣٨١

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو رۆژێ**

**بەیانیان سەعات ٧ تا ٩**

**ئیواران سەعات ٧ تا ٩**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**

**ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پیوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران**

**تەلەفون: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣ فاکس: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٤**

لە دەرەوەی ولات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکرات‌و پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین**

